## داگیرکردنی لیبیا لەلایەن ئیتالیا ١٩١١

-ئامادەکارییەکانی ئیتالیا بۆ داگیرکردنی لیبیا

-هۆکارەکانی داگیرکردنی لیبیا لەلایەن ئیتالیا

- پرۆسەی داگیرکردنەکە

-بەرگری نیشتیمانی لیبی

- سیاسەتی ئیتالیا لەلیبیا

### -ئامادەکارییەکانی ئیتالیا بۆ داگیرکردنی لیبیا :

**أ-ئامادەکاری دبلۆماسی دەرەکی**

**ئیتالیا لەهەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە دەستی بەئامادەکاری سیاسی کرد لەپێناو داگیر کردنی لیبیادا، بۆ ئەم مەبەستە چەند رێککەوتننامەیەکی مۆر کرد :**

**١-رێککەوتننامەی ئیتالیا لەگەڵ (ئینگلتەرا و نەمسا – مەجەر ) لەساڵی(١٨٨٧)، ناوەرۆکی رێککەوتننامەکە بریتی بوو لەرەتکردنەوەی داگیرکاری فەرەنسا لە لیبیا و مەراکش .**

**٢-رێککەوتننامەی ئیتالیا لەگەڵ (ئەڵمانیا) لەساڵی(١٨٨٧)، لەرێککەوتننامەکەدا هات بوو هەدوو وڵات رێگە نادەن بەجێگیربوونی دەسەڵاتی فەرەنسا لەتەرابلوسی رۆژئاوا و مەراکش، ئەگەر فەرەنسا هەوڵی داگیرکاری لەو دوو ناوچەیەدا ئەوا ئەلمانیا پشتگیر ئیتالیا دەکات لەجەنگدا دژی فەرەنسا .**

**٣ –ڕێککەوتننامەی نهێنی ئیتالیا لەگەڵ (ئیسپانیا) لەساڵی(١٨٨٧)، لە ڕێککەوتننامەکەدا هات بوو، ئەگەر هەر گۆڕانکارییەك لەولاتانی دەریای ناوراست ئەنجامدرا دەبێت بەپێی ڕێککەوتننامە و بڕاردن بێت .**

**٤ –ڕێککەوتننامەی ئیتالیا لەگەڵ (فەرەنسا) لەساڵی(١٩٠٠)، تایبەت بوو بەدەستنیشانکردنی ناوچەکانی دەسەلأتی هەردوو ولأت لەدەریای ناوەڕاست، کەتیایدا هات بوو فەرەنسا وازی لەناوچەکانی تەرابلوسی رۆژئاوا هێنا بۆ ئیتالیا لەبەرامبەر وازهێنانی ئیتالیا لەمراکش بۆ فەرەنسا .**

**٥ –ڕێککەوتننامەی ئیتالیا لەگەڵ (روسیا) لەساڵی(١٩٠٩)، بەپێی ڕێککەوتننامەکە ئیتالیا دانینا بەرژەوەندییەکانی روسیا لەگەروەکان لەبەرامبەر دانپێدانانی روسیا بە بەرژەوەندییەکانی ئیتالیا لەلیبیا .**

**ب – ئامادەکاری لەناوخۆی لیبیا**

**ئیتاڵیا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە کەوتە تووندوتۆڵکردنی پەیوەندییە ئابووری و رۆشنبیرییەکانی بە لیبیاوە ئەمەش لەبەر هۆکارە ئابووری و ئیستیعمارییەکانی بوو، ئەوەبوو لەساڵی (١٩٠٥) لقێکی بانکی (دی رۆما)ی لە تەڕابلووس‌و یەکێکی دیکەشی لە بەرقە کردەوە. هەروەها کەوتە پێشکەشکردنی قەرزو ئاسانکاریی بەنکی‌و وەبەرهێنانی سامان لە لیبیا. دواتر نووسینگەیەکی پۆستەو گەیاندنی لە لیبیا دامەزراند و کونسوڵخانەیەکی لە بەرقەو یەکێکی تری لەتەڕابلووس کردەوە. جگە لەوەش چەند قوتابخانەیەکی ئیتاڵی لە لیبیا کردەوە کە ئەرکی بڵاوکردنەوەی زمان‌و رۆشنبیریی ئیتاڵییان گرتە ئەستۆ .**

**پاش ئەوانەش چەند نێردەیەکی جۆراوجۆری رەوانەی لیبیا کرد لە ڕێگەی (کۆمەڵەی ئیتاڵی بۆ دۆزینەوە جوگرافی و بازرگانییەکان) لە میلانۆ، کە دوا نێردەیان چەند ئەفسەرێکی لەخۆ گرتبوو بەسەرکردایەتی(کونت سفوزا) بە بیانووی گەڕان بە دوای (فۆسفات)دا چەند وێنەو نەخشەی سەربازییان ئامادەکرد کەدواتر کاری داگیرکردنەکەی ئاسانکرد .**

**-هۆكارەكانی داگیركردنی لیبیا لەلایەن ئیتالیا**

هۆكارەكانی چاوتێبڕین و داگیركردنی لیبیا لەلایەن ئیتالیاوە بۆ چەند خاڵێك دەگەڕێتەوە :

١ – ئیتالیا بۆ ئەوە چاوی بڕیە داگیركردنی لیبیا تاوەكو رزگاری بێت لەو كێشە داراییەی كەتووشی هات بوو .

٢– ولاّتێكی دواكەوتوو بوو لەپیشەسازیدا بەبەراورد لەگەڵ ولاّتانی دیكەی ئەوروپادا، بۆیە دەیویست لیبیا بكاتە بازڕێك و سەرچاوەی كەرستەی خاو تاوەكو ئیتالیاش پێشكەوێت .

٣– ئیتالیا تووشی كێشەی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بوو، بەداگیركردنی لیبیا ئەو دەرفەتە دەرەخسا بۆ كۆچكردنی دانیشتوانە زیادەكەی بۆ لیبیا، واتا پەیڕەو كردنی سیاسەتی نیشتەجیٚ كردن .

٤– دوای بەدەستهێنانی سەربەخۆی لەساڵی(١٨٦١) خەونی بەئیمبراتۆڕیەتی رابردووەوە دەبینی، هەروەها بۆ گەیشتن بەئاستی ولاّتە گەورەكان بوونی داگیرگەی بەپێویست دەزانی تاوەكو لەوكێشەیە رزگاری بێت و ئەوە بسەلمێنیٚ كەلەریزی ولاّتە گەورەكانە .

٥– لیبیا بوارێك بوو بۆ بەگڕخستنی سەرمایە لەپرۆژە ئابووریە سوود بەخشەكانیدا .

٦– لەكۆنگرەی(بەرلین١٨٧٨)دا پسمارك داوای كرد ئیتالیا لیبیا داگیر بكات .

**- پرۆسەی داگیركردنەكە**

حكومەتی ئیتالیا لەبیانوویەك دەگەڕا بۆ داگیر كردنی لیبیا، ئەوەبوو لە(٢٧ی ئەیلولی١٩١١)ئیتالیا هۆشداریەكی دایە حكومەتی عوسمانی كەتیایدا هات بوو، دەوڵەتی عوسمانی بەربەست لەبەردەم بەرژەوەندیە ئابووریەكانی ئیتالیا لەلیبیا دروست دەكات و رەعیتە ئیتالیەكان دەچەوسێنێتەوەو توانای سەقامگیركردنی ئاسایش و بەرەو پێش بردنی لیبیای نییە .

حکومەتی عوسمانی وەڵامی هۆشداریەکەی دایەوە بەڵام وەڵامێکی لاواز و سەرشۆڕانە بوو چونکە دواکەوتنی لیبیای خستە ئەستۆی بنەماڵەی(قرمانلی) و پاکانەی بۆ تۆمەتی دروستکرنی بەربەست لەبەردەم بەرژەوەندیە ئابووریەکانی ئیتالیا لەلیبیا هێنایەوەو رایگەیاند ئامادەیە هەر ئیمتیاز و ئاسانکاریەك کە ئیتالیا دەیەوێت بیکات .

حکومەتی ئیتالی بەم وەڵامەی دەوڵەتی عوسمانی رازی نەبوو، بۆیە نوێنەری ئیتالیا لە(٢٩ی ئەیلولی١٩١١) بڕیاری شەڕی دایە سەدری ئەعزەم و شەڕی راگەیاند. دوای راگەیاندنی شەڕ، هێرشەکانی سوپای ئیتالیا دەستی پێکرد و کەشتیگەلی ئیتالیا لەبەردەم(تەرابلوس) دەرکەوت، ئەوەبوو ئیتالیا لە(٣٠ی ئەیلولی١٩١١) شاری(درنە) و لە(٣ی تشرینی یەکەمی١٩١١) شاری(طرابلس)ی بۆردومان کردو لە(١١-١٣ی تشرینی یەکەمی١٩١١) هەردوو شاری داگیر کرد، دواتر شارە کەناراوەکانی دیکەشی داگیر کرد .

**-جولانەوەی بەرگری نیشتیمانی لیبی**

بزووتنەوەی بەرگری نیشتیمانی لیبی لە دوو بەرەوە دژایەتی ئیتالیەکانی دەکرد:

١- بەرەی تەرابلوس ٢- بەرەی بەرقە .

لەبەرەی تەرابلوسدا شێخ(سلێمان بارونی) نوێنەری ناوچەی(جبل) لەئەنجومەنی نوێنەرانی عوسمانی لەگەڵ(فرحات بك) نوێنەری تەرابلوس رۆڵێکی کاریگەریان هەبوو لەبەرگری کردن .

لەبەرەی برقەدا شێخ(احمد العیساوي) نوێنەرەی بزووتنەوەی سنەوسی بانگەوازی جیهادی راگەیاندو چەند شەڕێکی گرنگیان ئەنجامدا، گرنگترین ئەو شەڕانە بریتی بوون لەشەڕی(بوملیان، عین زارە، بیر طرابلس)، ژمارەی سەربازانی ئیتالی لەو شەڕانەدا نزیکەی(٢٥)هەزار سەرباز دەبوو بەرامبەر بە(١٥٠٠) خەباتکاری لیبی.

حکومەتی عوسمانی بۆ رێکخستنی جولانەوەی بەرگری لیبی چەند ئەفسەرێکی رەوانەی لیبیا کرد، لەوانە(عزیز علی میسری، مصطفی کمال، انور بەگ، ...) لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی دیکە .

قۆناغی یەکەمی جەنگی تەرابلوس تاوەکو(١٨ی تشرینی دووەمی١٩١٢) درێژەی کێشا تاوەکو دەوڵەتی عوسمانی وئیتالیا گەیشتنە مۆرکردنی رێکەوتننامەی(ئوشی)، بەپێی ئەم رێککەوتننامەیە دەوڵەتی عوسمانی دانینا بەداگیرکردنی لیبیا لەلایەن ئیتالیا لەبەرامبەر مانەوەی دەسەڵاتی ئاینی دەوڵەتی عوسمانی بەسەر لیبیاوە، هەر ئەمەش وایکرد دەوڵەتی عوسمانی هێزەکانی و فەرمانبەرەکانی لەلیبیا بکشێنێتەوە، دواتریش پاشای ئیتالیا لە(شوباتی١٩١٣) رایگەیاند کە برقە و تەرابلوس لەژێر سیادەی ئیتالیایە، بەم شێوەیە قورسایی بەرگری کەوتە سەرشانی گەلی لیبی .

وەکو پێشتر باسکرا مەڵبەندی بزووتنەوەی بەرگری نیشتیمانی لیبی خۆی لەهەردوو ناوچەی(تەرابلوس، برقە)دا بینیەوە، ئەوەبوو سەرکردەکانی بەرگری بەرەی تەرابلوس لەکۆبوونەوەیەکدا بڕیاریاندا حکومەتێکی نیشتیمانی بەسەرۆکایەتی(سلیمان بارونی) لەناوچەی تەرابلوس دامەزرێنن، بەڵام هەوڵەکانی ئەم سەربەخۆییە لەساڵی(١٩١٣) شکستی هێنا لەژێر لێدانێکی توندی ئیتالیەکاندا .

لەبەرەی بەرقەدا، عزیز علی میسری لەژێر سەرپەرشتی(احمد سنەوسی) دژایەتی ئیتالیەکانی دەکرد، لەدرێژەی بەرگری ئەم بەرەیەدا لەناوچەکانی ناوەڕاست و رۆژئاوادا چەند شەرێکی گرنگ روویدا لەوانە جەنگی(رۆژی هەینی- معركة يوم الجمعة ) لەم جەنگەدا ئیتالییەکان ناچار بوون بەرەو(درنە) پاشەکشە بکەن، توندی بەرگری بەرەی بەرقە وایکرد ئیتالییەکان فشار بخەنە سەر دەوڵەتی عوسمانی بۆ کشانەوەی عزیز علی میسری و هاورێکانی، کشانەوەی عزیز علی میسری شوێنەوارێکی گەورەی هەبوو لەسەر لاواز بوونی جوڵانەوەی بەرگری.

یەکێك لەشەڕە گرنگەکان، شەڕی(القرضابية) بوو، ئەم شەڕە لە(٢٩ی نیسانی١٩١٥) لە(مصراتە)روویدا، ئەم شەڕە رەنگدانەوەی لەسەر قەتیس کردنی دەسەڵاتی ئیتالیا لەکەنارەکانی تەرابلوس هەبوو هەروەها هانی(رمضان بك السويحلي) سەرکردەی (مصراتە)دا بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی ناوخۆی لەمیسراتە. بەم شێوەیە بەرگری نیشتیمانی بەردەوام بوو تاوەکو دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، دوای جەنگ سەرکردایەتی بزووتنەوەی بەرگری

کەوتە دەستی(عمر المختار) تاوەکو گرتنی و لەسێدارەدانی لەساڵی(١٩٣١). بەم شێوەیە دەسەڵاتی ئیتالیا لە لیبیا مایەوە تاکو ساڵی(١٩٤٣) .

## - سیاسەتی ئیتالیا لەلیبیا

ئیتالیا سیاسەتێکی توندی بەرامبەر خەڵکی لیبیا پەیڕەو دەکرد :

١-راگواستنی لیبیەکان بۆ بیابانەکانی باشوور و کۆکردنەوەیان لەئۆردوگاکان کە لەرووی ئابووریەوە بێبایەخ بوون لەبەر کەم ئاوی .

٢-پەیڕو کردنی سیاسەتی سەرکوت کردن و کوشتنی بەکۆمەڵ .

٣- نیشتەجێ کردنی ئیتالیەکان لەشارە گەورەکان .

٤- جیاکردنەوەو دابڕانی ناوچەکان لەیەکرتی لەپێناو زاڵبوون بەسەر ناوچەکاندا

٥-لەرووی کارگێرییەوە، ئیتالیەکان لەساڵی(١٩٢٧) لیبیایان دابەشی سەر دوو هەرێمی کارگێڕی کرد ئەویش هەرێمی(تەرابلوس، بەرقە) بوو، لەساڵی(١٩٣٤) کریانە سێ هەرێم(تەرابلوس، بەرقە، فەزان)بوو، لەساڵی(١٩٣٧) کدیانە پێنج هەرێمی کارگێڕی ئەوانیش هەرێمەکانی(بەنغازی، درنە، تەرابلوس، میسراتە، بیابانی لیبیا) بوون.

٦-سەپاندنی چەند باجێك وەکو باجی(توتن، کبریت، خوێ....)

٧- دابەشکردنی زەوی کشتوکاڵی بەرسەر ئیتالیەکاندا

٨- کردنەوەی چەند بانکێك وەکو بانکی(دی رۆما، شیشلیا، ناپۆلی) کەقەرزیان دەدا بۆ بواری کشتوکاڵی و پیشەسازی و بازرگانی .

٩- کردنەوەی کارگەی رستن و چنین و دامەزراندنی دامەزراوەی راوکردنی ماسی لە(تەرابلوس، بەرقە) .

## باروDۆخی نیشتیمانی عەرەبی لەسەرەتای سەدەی بیستەم

### ١-بارودۆخی نیشتیمانی عەرەبی پێش هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی

### ٢- شۆڕشی گەورەی عەرەب لەساڵی ١٩١٦

### ٣- ڕێکەوتننامەکان

### ٤ - کۆنگرەکان

## ١-بارودۆخی نیشتیمانی عەرەبی لەجەنگی یەکەمی جیهاندا

پێش هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهان، نیشتیمانی عەرەب بەم شێوەیە دابەش بوو بوو:

١-ناوچەکانی ژێر دەسەلاّتی دەوڵەتی عوسمانی هەریەکە لە (شام، عێراق، حیجاز، یەمەن) دەگرتەوە.

٢- ناوچەکانی ژێر دەسەلاّتی ولاّتانی ئەورپاش بەم شێوەیە بوو :

أ-بەریتانیا دەسەلاّتی لە(کەنارەکانی ڕۆژهەلاّت و باشووری نیمچەدوورگەی عەرەبی، میسر، باکووری سۆمال) بوو .

ب- ناوچەکانی ڕۆژئاوای عەرەبیش دابەشی سەر داگیرکاری هەریەکە لە(فەرەنسا، ئیتالیا، ئیسپانیا) بوو بەم شێوەیە: جەزائیر و تونس لەژێر دەسەلاّتی فەرنسادا بوو، لیبیاش لەژێر دەسەلاّتی ئیتالیادا بوو .

لەسەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانیدا عەرەب بەدوو ئاراستە کاریان دەکرد

١-ئاراستەی ئاینی ئیسلامی عوسمانی: ئەم ئاراستەیە لەژێر کایگەری ئاینیدا لایەنگری دەوڵەتی عوسمانی بوو

٢- ئاراستەی نەتەوەی عەرەبی: ئەم ئاراستەیە بیری لەدامەزراندنی قەوارەی نەتەوەی دەکردەوە بۆیە زیارتر مەیلی بەلای ولاّتانی ئەورووپادا، ئەوەبوو بەریتانیا توانی لەجەنگی یەکەمی جیهاندا ئەم

ئاراستەیە بەلای خۆیدا راکێشێ و بەڵێنی دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبی لەژێر دەسەلاٚتی بەریتانیا بە(شەریف حوسێن)دا لەرێگەی نامەگۆڕینەوەکانی(حسین- مەکماهۆن) .

ولاٚتانی بەشداربووی جەنگ بەسەر بەرەی(ناوەند- المرکز) و (هاوپەیمانان- الحلفاء) دا دابەش بوو بوون . بەرەی ناوەند بریتی بوون لە(ئەڵمانیا، نەمساومەجەر، دەوڵەتی عوسمانی، بولغاریا، ....)، ولاٚتانی بەرەی هاوپەیمانان بریتی بوون لە(فەرنسا، بەرتانیا، روسیا، یابان، ئوستراليا، ئەمریکا، کەنەدا، بەلجیکا، یۆنان، پرتوگال،...) .

لەجەنگی یەکەمی جیهاندا دەوڵەتی عوسمانی لە(٤ی تشرینی دووەمی ١٩١٤) لەپاڵ بەرەی ناوەندا دژی هاوپەیمانان چووە جەنگی یەکەمی جیهانەوە، بۆیە بەریتانیا پالاماری ناوچەکانی ژێر دەسەلاٚتی عوسمانیدا،

عێراق یەکێك بوو لەوناوچانەی کەبەریتانیا پەلاماریدا .

بەریتانیا لەبەر چەند هۆکارێك بیری لەداگیرکردنی باشووری عێراق کردەوە :

١-بەریتانیا لەوە ترسا کەئەڵمانیا بەیارمەتی دەوڵەتی عوسمانی بگاتە شەتولعەرب و لەوێوە هەرەشە لەبەرژەوەندیەکانی بەریتانیا بکات لەکەنداوی عەرەبی .

٢- بەریتانیا پێیوابوو دەوڵەتی عوسمانی لەرێگەی جیهادەوە دەتوانی هێزەکانی بەرەو باشووری عێراق بجوڵێنێ و بەئاسانی بگاتە ناوچەی عەربستان لەخۆرئاوای فارس، بەمەش بەریتانیا بێبەش دەکات لە بترۆل .

هێرشەکانی بەریتانیا بۆ عێراق دەستی پێکرد و لە(٦ی تشرینی دووەمی١٩١٤) فاوی گرت و لە(٢٢)ی هەمان مانگدا شاری (بەسرە)شی گرت، دواتر بەریتانیا چەند ناوچەیەکی دیکەشی داگیر کرد، ئەمەش وایکرد دەوڵەتی عوسمانی پەنا بەریتە بەر راگەیاندنی جیهاد لەپێناو راگرتنی پێشرەوابیەکانی سوپای بەریتانیا لەعێراق .

ئەوەبوو دەوڵەتی عوسمانی لەرێگەی راگەیاندنی جیهادەوە توانی نزیکەی(١٠-١٥) هەزار جەنگاوەر کۆبکاتەوەو رەوانەی ناوچەی(الشعیبة)ی بکات بۆ بەرنگاربوونەوەی سوپای بەریتانیا، سوپای عوسمانی لەشەڕی شوعەیبەدا لە(١٢ی نیسانی١٩١٥)دا لەبەرامبەر هێزەکانی بەریتانیادا شکستی

هێنا، ئەم شکستەی سوپای عوسمانی ڕێگەی بۆ هێزەکانی بەریتانیا خۆشکرد تاوەکو لەحوزەیرانی هەمان ساڵدا شاری(عمارة) بگرن و لەتەممووزدا شاری(ناصرية) بگرن . شکستی سوپای عوسمانی وایکرد بەریتانیا بەسەرکردایەتی جەنراڵ(تاوزند) بەرەو (بەغدا) پێشرەوی بکات بەڵام لەشەڕێکدا سوپای بەریتانیا شکا و بەرەو شاری (کوت) پاشەکشەی کرد، سوپای عوسمانیش پێشڕەوی کردو توانی لە(٧ی کانونی یەکەمی١٩١٥)سوپای بەریتانیا بۆ ماوەی پێنج مانگ لەشاری کوت گەمارۆ بدات تاوەکو لە(٢٩ی نیسانی١٩١٦) سوپای بەریتانیا خۆیدایە دەستەوە کەنزیکەی(١٣٥٠٠) سەباز دەبوون .

بەم شێوەیە هێرشەکانی بەریتانیا بۆ داگیر کردنی عێراق راوەستا تاوەکو لە(١١ی ئاداری١٩١٧) هێزەکانی بەریتانیا شاری بەغدای گرت، ئەوەبوو بەریتانیا تاساڵی(١٩١٨) زۆربەی ناوچەکانی عێراقی گرت. بەم شێوەیە عێراق کەوتە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا کەلەرێککەوننامەی(سایکس-بیکۆ)ی ساڵی(١٩١٦)دا درابووە بەریتانیا .

هەرچی ناوچەکانی شام بوو، سوپای بەریتانی توانی لەساڵانی(١٩١٦-١٩١٨) سوریا و فەلەستین و ئوردن بگرێت، هەرچی ناوچەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبیە، لەئەنجامی هەڵگیرسانی شۆڕشی گەورەی عەرەب لەساڵی(١٩١٦) بەسەرکردایەتی شەریف حسين کوڕی علی کە بەپشتگیری بەریتانیەکان ئەنجامیدا، توانی عوسمانیەکان لەناوچەکە دەربکات .

ڕۆژهەڵاتی عەرەبی کەوتە ژێر کاریگەری و ڕووداوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی دوای ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی چووە جەنگەوە. ئەم ناوچەیە ڕووبەڕووی چەند پێشهات و گۆڕانکارییەك بویەوە کەرەنگدانەوەو کاریگەری لەسەر دەرئەنجامەکان هەبوو. ئەوەتا لەڕووی دەرەکیەوە دەوڵەتی عوسمانی هەوڵیدا میسر لەدەستی بەریتانیا دەربکات تاوەکو هەڕەشە بخاتە سەر ڕێگەی هاتوچۆی بەریتانیا لە کەنداوی(سوێس)، ئەگەرچی ئەم هەولانەی دەوڵەتی عوسمانی شکستی هێنا بەڵام ئەمە وایکرد ڕۆژهەڵاتی عەرەبی ببێتە گۆڕەپانی شەڕ .

لەڕووی ناوخۆوە، ڕووداو و پێشهات سیاسیە ناوخۆییەکان چالاکی جوڵانەوەی عەرەبی زیاتر کرد هەرچەندە ئیتحاد تەرەقی چاودێرییەکی توندی خستبووە سەر ناوچەکە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵە و ڕێکخراوە عەرەبیە نهێنیەکان لەسوریا خۆیان قایم کردبوو بۆ ئەنجامدانی کاری سیاسی، کەواتا ناوچەکانی شام بنکەی چالاکی و کۆمەڵەو ڕێکخراوەکان بوو .

**٢ - شۆڕشی گەورەی عەرەب لەساڵی ١٩١٦**

**-پەیوەندییەکانی عەرەب- ئینگلیز و گەلاڵەنامەی دیمەشق**

**-هۆکارەکانی بەرپابوونی شۆڕشی گەورەی عەرەب(١٩١٦)**

**-هەلگیرسانی شۆڕشی گەورەی عەرەب**

**-دەرئەنجامی شۆڕشی گەورەی عەرەب**

**-حکومەتی عەرەبی دیمەشق(١٩١٨-١٩٢٠)**

**- پەیوەندییەکانی عەرەب- ئینگلیز و گەلاڵەنامەی دیمەشق**

بەریتانیا لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسیو ئابورییەکانی لەناوچە عەرەبیەکاندا بەتایبەتی لە کەناڵی سوێس و نیمچەدوورگەی عەرەبیدا دەیویست لایەنگری عەرەب لەجەنگی یەکەمی جیهاندا بەدەست بهێنی، لەبەرامبەریشدا عەرەب دەیویست لەدەسەلاّتی دەوڵەتی عوسمانی رزگاری بێت و سەربەخۆی بەدەست بهێنیٚ، هەروەها بەریتانیا دەیزانی ئەگەر بەڵێنی سەربەخۆی بەعەرەب نەدات ناتوانیٚ لایەنگری عەرەب زامن بکات، عەرەبیش پێیانوابوو بەریتانیا پاڵپشتیان دەکات. ئەم تێڕوانینانەی هەردوولا ڕێگەی خۆشکرد بۆ دروست بوونی پەیوەندی لەنێوان هەردوولا، ئەوەبوو عبداللەی کوڕی شریف حسین بەنوێنەرایەتی باوکی لەسەردانێکیدا بۆ ئەستەنبول لە(شوباتی١٩١٤) پەیوەندی بەلۆرد(کتشنر) کرد، لەبەرامبەردا کتشنر لە(ئەیلولی١٩١٤) نامەیەکی بۆ شەریف حسین کوڕی علی نارد و هەڵوێستی بەریتانیای بەرامبەر بەعەرەب روون کردەوە، بەم شێوەیە پەیوەندی و نامەگۆڕینەوە لەنێوان هەردولادا دەستی پێکرد .

بەریتانیا بەناخۆشی پەیوەندی نێوان عەرەب و دەوڵەتی عوسمانی دەزانی هەربۆیە ئەو دەرفەتەی قۆستەوە و پەیوەندی بەشەریف حسین کوڕی علی کرد، هۆکاری هەڵبژاردنی شەریف حسین کوڕی علی لەلایەن بەریتانیەکانەوە بۆ چەند خاڵێك دەگەڕێتەوە:

١-خراپی پەیوەندی نێوان شەریف حسین و ئیتیحادییەکان .

٢-پێگەی شەریف حسین و ئەشرافەکان لەناوچە پیرۆزەکان .

٣-گرنگی هەڵکەوتەی هەرێمی حیجاز

٤-ویستی شەریف حسین بۆ جیابوونەوە لە دەوڵەتی عوسمانی.

٥- شەریف حسین پێگەیەکی ئاینی هەبوو لەناو موسڵمانان چونکە بەنەسەب دەگەڕێتەوە بۆ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم).

شەریف حسێن بەبیانوی نارەزای دەربڕین دژی والی عوسمانیەکانی حیجاز، فەیسەڵی کوڕی ڕەوانەی ئەستەنبول کرد، بەڵام لەراستیدا بۆ پەیوەندی کردن بوو بەسەرکردەکانی عەرب لەدیمەشق تاوەکو هەڵوێستیان بزانێت لەبارەی پەیوەندی نێوان عەرەب و ئینگلیز . ئەوەبوو فیصل لە(٢٦ئاداری١٩١٥) گەیشتە دیمەشق و بۆماوەی مانگێك مایەوە، لەم ماوەیەدا فیصل پەیوەندی بە(کۆمەڵەی پەیمان-جمعية العهد) و(کۆمەڵەی عەرەبی لاو-جمعية العربية الفتاة)ی نهێنی کرد و سەرکردەکانی عەرەبی لەوپەیوەندیەی نێوان باوکی و بەریتانیا ئاگادار کردەوە، هەروەها ناوەڕۆکی ئەو نامەیەی کەکتشنر لە(٣١ی تشرینی یەکەمی١٩١٤) ئاراستەی باوکی کرد بوو ئاگادار کردەوە، کەتیایدا هات بوو، بەریتانیا پەیمان بەشەریف حسین دەدات کە لەشوێنی خۆی بەشەریفی مەککە بمێنێتەوە و هەموو ئیمتیازات و پلە وپایەکانی پارێزراو بێت، هەروەها بەریتانیا لەهەر هێرشێکی دەرەکی دەیپارێزێت و یارمەتی دەدات بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆی بەمەرجێك عەرەب یارمەتی بەریتانیا بدات لەشەڕدا.

فیصل لەگەڵ هاوەڵەکانی لەکۆمەڵەی پەیمان و عەرەبی لاو رێککەوتن لەسەر چۆنیەتی کارکردن لەگەڵ بەریتانیا و گەلاڵەنامەیەکیان ئامادەکرد کەچەند مەرجێکی تێدابوو کەسەرکردەکانی عەرەب داوایان دەکرد لەبەرامبەر هاوپەیمانی کردن لەگەڵ بەریتانیا دژی دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها رێککەوتن لەسەر ئەوەی کەفیصل ئەو گەلاڵەنامەیە بداتە باوکی تاوەکو هەڵوێستی بەریتانیا لەو بارەیەوە بزانن . ناوەڕۆکی گەلاڵەنامەکە بریتی بوو لە:

١-بەریتانیا دان بەسەربەخۆی عەرەب بنێت

٢-بەریتانیا باشترین دەرفەتی مامەڵەی ئابووری بەعەرەب ببەخشێ

٣-بەستانی هاوپەیمانیەکی بەرگری لەنێوان بەریتانیا و دەوڵەتی عەرەبی سەربەخۆ .

٤- رەتکردنەوەی ئیمتیازاتی بیگانەکان .

بەم شێوەیە قۆناغی یەکەمی نامەگۆڕینەوە کۆتایی هات .

شەریف حسین لەقۆناغی یەکەمدا لەرێگەی گەلاّڵەنامەی دیمەشق و نامەکانی کتشنر پاڵپشتی سەرکردەکانی عەرەب و حکومەتی بەریتانی بەدەستهێنا. لەقۆناغی دووەمدا پەیوەندییەکانی شەریف حسین بەبەریتانیاوە لەرێگەی کۆمیسیاری بالاّی بەریتانی لە قاهیرە(سێر هنری مەکماهۆن)ەوە بوو، یەکەم نامەی شەریف حسین بۆ مەکماهۆن لەتەمموزی(١٩١٥) بوو، ئەم نامەگۆڕینەوانە بەردەوام بوو تاوەکو ئاداری(١٩١٦)، واتا لەتەمموزی(١٩١٥) تاوەکو ئاداری(١٩١٦) بەردەوام بوو، ئەمەش بەنامەگۆرینەوکانی(حسین-مەکماهۆن) ناسراوە.

ئەنجامی پەیوەندیەکانی(حسین-مەکماهۆن) رێککەوتنێکی لێکەوتەوە بەپێی ئەو رێککەوتنە بەریتانیا رازی بوو دان بەو دەوڵەتە عەرەبیە سەربەخۆیە بنێت کەلەرۆژهەلاّتی عەرەبی دادەمەزرێ، لەبەرامبەریشدا شەریف حسین دان بەمافی لەپێشینەی بەریتانیا لەپرۆژە ئابووریەکانی ناوچەکە دەنێت .

-هەڵگیرسانی شۆڕشی گەورەی عەرەب١٩١٦

دوای کۆتایی هاتنی رێککەوتننامەکە ئامادەکارییەکان بۆ دەستپێکردنی شۆرش دەستی پێکرد و دوای سێ مانگ لەئامادەکاری شەریف حسین لە(١٠ی حوزەیرانی١٩١٦) شۆڕشی راگەیاند. ئەوبوو شۆڕش لەشاری مەککەوە دەستی پێکرد و نزیکەی دوو ساڵی خایاند، لەم ماوەیەدا شەریف حسین و کوڕەکانی(علی، عبدالله، فیصل، زید) سەرپەرشتی هۆزە راپەڕیوەکانیان دەکرد و توانیان لەماوەی دوو ساڵدا جگە لەحیجاز ناوچەکانی (شام)یش بگرن .

هاوشان لەگەڵ هێزی هۆزەکاندا ئەفسەرانی عەرەب پەیوەندیان بەشۆڕشەکەوە کرد و رۆڵێکی کاریگەریان بینی لەرێکخستن وسەرخستنی شۆڕشەکە لەوانە(عزیز علی میسر، جعفر عسکری، نوری سعید، صلاح الدین صباغ،....)، لەرووی دەرەوە بەریتانیا پاڵپشتی شۆڕشی کرد، یارمەتیەکانی بەریتانیا تەنها چەك و جبەخانە نەبوو بەڵکو چەندین ئەفسەری بەریتانی مەشق و راهێنانیان بەسوپا دەکرد، جگە لەوەش ئەفسەرانی هەواڵگری بەریتانی هاوبەشی کردە

سەربازییەکانیان دەکرد لەوانە(لۆرەنس) کەدواتر بووە راوێژکاری ئەمیر فیصل کوڕی شەریف حسین کەسەرپەرشتی بەرەی باکووری دەکرد و توانی لە(١ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨) بچێتە دیمەشق و حکومەتێکی عەرەبی رابگەیەنێت .

-هۆکارەکانی بەرپابوونی شۆڕشی گەورەی عەرەب(١٩١٦)

بەرپابوونی شۆڕشی گەورەی عەرەب بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە لەوانە :

١- بێزای عەرەب لەژێر دەستەی دەوڵەتی عوسمانی بەتایبەتی دوای هاتنی ئیتحاد تەرەقی بۆ سەر دەسەلأت چونکە ئیتحادیەکان سیاسەتێکی توندیان پەیڕەو دەکرد و هوڵیاندەدا سیاسەتی مەرکەزی بسەپێنن، ئەمەش سەرکردەکانی عەرەبی بێزار کردبوو بەتایبەتی ئەو سەرکردانەی لەدەووری رێکخراوە نهێنیەکان لەشام کۆبوو بوونەوە لەدەرفەتێك دەگەڕان تاوەکو دژی دەوڵەتی عوسمانی راپەڕن .

٢- جەنگی یەکەمی جیهانی دەرفەتی بۆ عەرەب رەخساند تاوەکو پاڵپشتی بەریتانیا بەدەستبێنن بۆ هەڵگیرسانی شۆڕشەکە .

٣- لەسێدارەدانی چەند سەرکردەیەکی عەرەب لەلایەن جمال پاشای عوسمانی لەبەیروت .

٤- پەیوەندی نێوان ئیتحادیەکان و شەریف حسین خراپ بوو چونکە ئیتحادیەکان دەیانویست بەسەپاندنی مەرکەزیەت شەریف حسین لەپلەو پایەکەی دوور بخەنەوە، شەریف حسینیش دژی ئەم سیاسەتەی ئیتحادیەکان بوو .

-دەرئەنجامەکانی شۆڕشی گەورەی عەرەب

شۆڕشی گەورەی عەرەب چەند ئەنجامێکی ناوخۆیی و دەرەکی درێژ مەودای لێکەوتەوە لەوانە :

١- بەریتانیا لەرێگەی شۆڕشی عەرەبەوە توانی بەرگری لەناوچەکانی نیمچەدوورگەی عەرەبی بکات .

٢- شۆڕشی گەورەی عەرەب ڕێگەی لەسوڵتانی عوسمانی گرت جیهاد لەناوچە ئیسلامیەکان دژی هاوپەیمان رابگەیەنێت بەتایبەتی شەریف حسین ئەم رۆڵەی بینی .

٣- ناوچەکانی حیجاز و شام کەوتنە دەستی عەرەب و حکومەتێکی عەرەبی لەدیمەشق بەسەرۆکایەتی ئەمیر فیصل لە(١٩١٨-١٩٢٠) بەناوی(حکومەتی عەرەبی دیمەشق) دامەزرا

## ٣- ڕێکەوتننامە و کۆنگرەکان

أ-سایکس-بیکۆ ب-بەڵێنی بلفۆر

ج-کۆنگرەی ئاشتی پاریس د-کۆنگرەی سان ریمۆ

**أ-ڕێکەوتننامەی سایکس-بیکۆ :**

لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانی بەریتانیا هەستی کرد پێویستی بەرێگەیەکی وشکانی پارێزراو هەیە بۆ گەیشتن بەرۆژهەلات، هەروەها دەیویست دەسەلاتی فەرەنسا و روسیا لەناوچە نەوتیە عەرەب نشینەکان دووربخاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش لەیەك کاتدا بەدوو ئاراستە کاری دەکرد:

١-لەرووی ناوخۆوە لەگەڵ عەرەبدا کەوتە گفتوگۆ کەنامەگۆڕینەوەکانی(حسین-مەکماهۆن)ی لێکەوتەوە .

٢-لەرووی نێودەوڵەتیەوە لەگەڵ فەرەنسا کەوتە گفتوگۆ بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی لەرێگەی ڕێکەوتننامەیەکەوە کەدواتر ڕێککەوتننامەی(سایکس- بیکۆ)ی لێکەوتەوە .

وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا بۆ دابەشکردنی ناوچە عەرەبیەکانی ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ فەرەنسادا دەستی بەگفتوگۆ کرد، ئەوەبوو (جۆرج بیکۆ)ی نێردەی فەرەنسا بۆ ئەم مەبەستە لەکۆتاییەکانی ساڵی(١٩١٥) گەیشتە لەندەن، دوای زنجیرەیەك کۆبوونەوە لەنیسانی(١٩١٦) ڕێکەوتننامەکە لەلایەن نوێنەری فەرەنسا(جۆرج بیکۆ) و نوێنەری بەریتانیا(مارك سایکس) مۆرکرا،

دواتر دەوڵەتی(روسیا)ش لەرێگەی(سێرگی سازانۆڤ)هاتە ناو رێککەوننامەکە بەڵام ئەم پرۆژەیە لەمێژوودا بەرێکەوتننامەی(سایکس- بیکۆ) ناسراوە .

ناوەڕۆکی رێکەوتننامەکە بەم شێوەیە بوو:

١-فەرەنسا زۆربەی ناوچەکانی شام(سوریا، لوبنان)ی بەرکەوت لەگەڵ بەشێك لەباشووری ئەنادۆڵ وموسڵ .

٢-ناوچەکانی بەریتانیا وەکو زنجیرێك لەباشووری سوریاوە دەستی پێدەکرد کەبەعێراقدا تێدەپەڕی کەولایەتەکانی(بەغدا، بەسرە)ی دەگرتەوە لەگەڵ هەموو ئەو ناوچانەی کە دەکەوتە نێوان نیمچەدوورگەی عەرەبی و ئەو ناوچانەی کە بۆ فەرەنسا دانرابوو، لەگەڵ مینای(حەیفا، عەککا) .

٣- فەلەستین لەژێر ئیدارەیەکی نێودەوڵەتیدا بێت .

٤- ئەستەنبول لەگەڵ چەند میلێك لەگەروی(بۆسفۆر) و بەشێکی زۆری رۆژهەلاَتی ئەنادۆل بۆ روسیا دانرا .

**ب-بەڵێنی بلفۆر :**

پێش جەنگی یەکەمی جیهانی جولاَنەوەی سەهیۆنی هەوڵەکانی بەئاراستەی بەریتانیا چڕ کردەوە، ئەمەش دوای ئەوە هات کەفەرەنسا پشتگیری توندی جولاَنەوەکەی نەکرد، لەلایەکی دیکەوە سەرکردەکانی سەهیۆنی تێبینیان کرد بەریتانیا لەسەدەی هەژدەهەمەوە زیاتر هاوسۆزی جولاَنەوەی سەهیۆنیە، هەرچەندە جولاَنەوەی سەهیۆنی بەئاراستەی بەریتانیا بوو بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵەکانی بەسەر پایتەختی ولاَتانی ئەوروپادا دابەش بوو بوو، واتا هەوڵەکانی سەهیۆنی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی تەنها بەپشتگیری بەریتانیا نەوەستا بەڵکو ولاَتانی ئەوەروپاشی گرتەوە .

جولاَنەوەی سەهیۆنی هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی بەدەرفەت زانی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی کەبریتی بوو لەدامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بۆ جولەکە لەفەلەستین، بۆ ئەم مەبەستەش چالاکییە سیاسیە نێودەوڵەتیەکانی چڕ کردەوە هەرچەندە کۆنگرەی سیزدەی سەهیۆنی کەلە(١٩١٣)بەسترا جەختی لەبێلایەنی لە ململانێی نێوان هەردوو بەرەی ناکۆکی ئەوروپادا

دەکردەوە بەڵام لەسەرەتاکانی هەڵگیرسانی جەنگدا جولآنەوەی سەهیۆنی بەئاراستەی هەردوو بەرەی بەشەڕهاتوو کاری دەکرد لەپێناو بەدەستهێنانی لایەنگری هەرلایەکیان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی .

دوای ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی دژی بەرەی هاوپەیمانان چووە جەنگەوە، بەریتانیا وازی لەپاراستنی یەکپارچەی خاکی دوڵەتی عوسمانی هێنا، ئەمەش ئەو هەستەی لای سەرکردەکانی جولآنەوەی سەهیۆنی دروستکرد کەبەرژەوەندیەکانی سەهیۆنی لەگەڵ بەریتانیادا یەکدەگرێتەوە، بۆیە بەئاراستەی بەریتانیا دەستیان بەکار کرد، هەورەها هەوڵیاندا بەریتانیا رازی بکەن بۆ دامەزراندنی نیشتیمانێکی نەتەوەی بۆ جولەکە لەسەر خاکی فەلەستین بەوەی کە ئەو دەوڵەتە دەبێتە هۆی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا لەرۆژهەڵات و پاراستنی ریگەی هاتووچۆی بەریتانیا بۆ هند .

سەرکردەکانی جولآنەوەی سەهیۆنی دەیانزانی سەرکەوتنی بەریتانیا بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا بەمانای دەستگرتنی بەریتانیا دێت بەسەر فەلەستیندا چونکە فەلەستین درێژکراوەی سروشتی میسر بوو لەکاتێکدا میسر لەژێر دەسەلآتی بەریتانیادا بوو، ئەمەش ئەوەی دەگەیانت کەئامانجەکانی سەهیۆنی لەگەڵ ستراتیجی بەریتانیادا لەناوچە عەرەبیەکاندا یەکیاندەگرتەوە، لەبەر ئەوە(حاییم وایزمان) دانوساندکاری سەهیۆنی هەوڵەکانی چڕ کردەوە بۆ پەیوەندی کردن بەسەرکردەکانی بەریتانیاوە، ئەوەبوو حاییم وایزمان توانی پەیوەندی بە(هربرت سموئیل، لوید جۆرج)ەوە بکات و لایەنگری بەریتانیا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی جوولەکە لەفەلەستین بەدەست بێنێ .

ئامانجی بەریتانیا لەپشتگیری کردنی جوولآنەوەی سەهیۆنی بۆ دامەزراندنی قەوارەیەك لەفەلەستین بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە :

١-پاراستنی رۆژهەڵاتی کەناڵی سوێس لەرێگەی دەستگرتن بەسەر فەلەستیندا، ئەمەش وادەکات بەریتانیا باڵا دەستی خۆی بەسەر رۆژهەڵاتدا بسەپێنێ بەبێ ئەوە پێویستی بەهاوپەیمانی فەرەنسا بێت .

**٢-راکێشانی جوولانەوەی سەهیۆنی لەڕێگەی پێدانی بەڵێن و بەدیهێنانی ئامانجەکانیان کە بریتی بوو لەدامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بۆ جوولەکە لەفەلەستین، بەمەش بەریتانیا سوود لە ئابووری و شارەزایی پسپۆڕانی جوولەکە و ڕۆژنامەوانی جوولەکە دەبینێت .**

**٣- دوور خستنەوەی جولانەوەی سەهیۆنی لەبەرەی میحوەر**

**٤-بەرپابوونی شۆڕشی ساڵی(١٩١٧)ی روسیا .**

**٥- سیاسەتی بەهێزی جوولەکە لەجیهان**

**ئەوبوو دوای ڕەزامەندی هەریەکە لەئەمریکا و فەرەنسا، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا (آرثر جیمس بلفور) لە(٢ی تشرینی دووەمی ١٩١٧) دەقی راگەیاندنی بلفۆری بۆ سەرۆکی رێکخراوی سەهیۆنی(لورد روتشیلد) ناردو مافی بەجوولەکەدا کەدەوڵەتێك لەفەلەستین دامەزرێنن، ئەمەش بە(بەڵێنی بلفۆر) ناسراوە .**

**دەقی نامەکەی بلفۆر کە بۆ روتشیلدی نارد**

**عزيزي اللورد روتشيلد:**

**"يسرني جدًا أن أُبلغكم بالنيابة عن حكومة جلالة الملك التصريح التالي الذي ينطوي على العطف على أماني اليهود الصهيونية وقد عُرِضَ على الوزارة وأقرّته:**

**إنّ حكومة جلالة الملك تنظر بعين العطف إلى تأسيس وطن قومي للشعب اليهودي في فلسطين، وستبذل جهدها لتسهيل تحقيق هذه الغاية، على أن يُفهم جليًا أنه لن يُؤتى بعمل من شأنه الإخلال بالحقوق المدنية والدينية التي تتمتع بها الطوائف الغير يهودية المقيمة في فلسطين، ولا بالحقوق أو الوضع السياسي الذي يتمتع به اليهود في البلاد الأخرى"**

**"وسأكون شاكرًا لو تكرمتم بإحاطة الإتحاد الصهيوني علمًا بهذا التصريح."**

**المخلص : أرثر جيمس بلفو**

**ج-کۆنگرەی ئاشتی لەپاریس**

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهان، نوێنەری وڵاتان روویانکردە پاریس بۆ بەستنی کۆنگرەیەك لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی، ئەوبوو یەکەم دانیشتنی کۆنگرەکە لە(١٨ی کانونی دووەمی١٩١٩) دەستی پێکرد، چارەنووسی ناوچە عەرەبیەکان لەپێشەوەی ئەو مەسەلانە بوو کەخرایە بەرنامەی کاری دانیشتنەکان چونکە ناوچە عەرەبیەکان بەشێك بوون لەدەوڵەتی عوسمانی کەژێرکەوتووی جەنگ بوو، لەم کۆنگرەیەدا(فیصل بن حسین) وەکو نوێنەری ناوچەی حیجاز و هاوپەیمانی بەریتانیا بانگێشتی کۆنگرەکە کرا .

میر فەیسەڵ لە(٢٦ی تشرینی دووەمی١٩١٨) گەیشتە پاریس، بەڵام حکومەتی فەرەنسا بەسیفەتی نوێنەری سیاسی یاخود مەندوبی فەرمی حکومەتێکی دیاری کراو پێشوازی لەمیر فەیسەڵ نەکرد بەڵکو وەکو میوانێك پێشوازی لێکرد، ئەم رەفتارەش ئەوەی روونکردەوە کە فەرەنسا نایەوێت مافی عەرەب لەکۆنگرەکەدا بدرێت، هەروەها میر فەیسەڵ لەنیازی خراپی وڵاتانی هاوپەیمانان گەیشت کەمەبەستیان دابەشکردنی ناوچە عەرەبیەکانە لەنێوان خۆیاندا .

پاش ماوەیەکی کەم مانەوە لەفەرەنسا و پێش دەستپێکردنی کۆنگرەکە میر فەیسەڵ روویکردە لەندەن بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ کاربەدەستانی بەریتانیا، ئەوە بوو بەرپرسانی بەریتانیا و سەرکردەکانی سەهیۆنی داوایان لە میر فەیسەڵ کرد رێکەوتنێکیان لەگەڵدا مۆر بکات کەرێگە بەنیشتەجێ کردنی جوولەکە بدات لەفەلەستین، بەڵام میر فەیسەڵ مۆرکردنی ئەم رێککەوتننامەی بەستایەوە بەپابەند بوونی بەریتانیا بەبەڵێنەکانی کەلەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا لەنامەگۆڕینەواکانی(حسین- مەکماهۆن) دابووی بەشەریف حسین کەبریتی بوو لەسەربەخۆی ناوچە عەرەبیەکان بەفەلەستینیشەوە، ئامانجی میر فەیسەڵ لەم هەڵوێستەیدا ئەوەبوو پاڵپشتی بەریتانیا لەکۆنگرەکەدا دژی چاوتێبڕینی فەرەنسا لەناوچەکانی شام بەدەستبهێنێ .

سەرباری نارەزای فەرەنسا، میر فەیسەڵ لە(٩ی کانونی دووەمی١٩١٩) گەڕایەوە پاریس بۆ بەشداری کردن لەکۆنگرەکە، ئەمەش دوای ئەوە هات کەبەریتانیا دوو کورسی بەشاندی حیجاز بەخشی، ئەوەبوو میر فەیسەڵ دوو یاداشتی پێشکەش بەکۆنگرەکە کرد، لەیاداشتی یەکەمدا کە لە(١ی کانونی دووەمی١٩١٩)پێشکەشی کرد، میر فەیسەڵ پێناسەیەکی وڵاتانی عەرەبی بەسنوورە جوگرافیاکەیەوە کرد و جەختی لەگرنگی یەکێتی عەرەب و بەڵێنەکانی سێر هنری مەکماهۆن و پشت بەستن بەشارەزای یەکێك لەوڵاتانی زلهێزی ئەوروپا کردەوە بۆ پێشخستنی تواناکانی

دەوڵەتی عەرەبی. میر فەیسەڵ لەیاداشتی دووەمدا کە لە(٢٩ی کانونی دووەمی١٩١٩) پێشەکەشی کرد، داوای سەربەخۆی رۆژهەلأتی عەرەبی بەشێوەی یەکێتی کۆنفیدرالی کرد، هەروەها جەختی لەبەندەکانی سەرۆکی ئەمریکا(ویدرۆ ولْسن) کردەوە کەباسی لەمافی گەلان لەبڕیاردان لەمافی چارەنووس دەکرد .

میر فەیسەڵ لە(٦ی شوباتی١٩١٩) وتاری خۆی لەکۆنگرەکەدا پێشکەش کرد، بەلأم فەرەنسا هەر سوور بوو لەسەر داگیر کردنی شام، دواتر کۆنگرە لە(١٣ی ئاداری١٩١٩) دۆزی عەرەبی خستە بەرباس و لێکۆڵینەوە، میر فەیسەڵیش بۆ بەربەست کردنی نیازەکانی فەرەنسا پێشنیاری کرد کەبیروبۆچونی خەڵکی شام وەربگیرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، دوای هەفتەیەك دووبارە دۆزی عەرەب خرایەوە بەرباس و لێکۆڵینەوە بەلأم بەهۆی سووری بوونی هەریەکە لەفەرەنسا و بەریتانیا بۆ جێبەجێ کردنی ئینتیداب بەسەر وڵاتانی عەرەبیدا نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێك، بۆیە سەرۆکی ئەمریکا هاتە ناوکێشەك و رایگەیاند باشترین رێگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە وەرگرتنی بیروبۆچون و هەڵوێستی خەڵکی ناوچەکەیە لەرێگەی پێکهێنانی لیژەیەك، هەروەها پێشنیاری کرد ئەو لیژنەیە لەهەرسێ وڵاتی(ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا) پێکبێت، هەر وڵاتێکیش بەدوو ئەندام بەشداری بکات.

سەرۆکی ئەمریکا ولْسن هەریەکە لە(دکتور هنری کنج، تشارلس کراین)ی وەکو نوێنەری ئەمریکا بۆ لیژنەکە دەستنیشان کرد، بەلأم فەرەنسا لەگەڵ پێکهێنانی لیژنەکەدا نەبوو بۆیە هیچ نوێنەرێکی بۆ ئەو مەبەستە دەستنیشان نەکرد، بەریتانیاش هەریەکە لە(سیر هنری مکماهون، د.ج. هوغارث)ی وەکو نوێنەری بەریتانیا دەستنیشان کرد، بەلأم کاتێك فەرەنسا بەشداری لیژنەکەی نەکرد بەریتانیاش پاشگەز بویەوە و بەشداری نەکرد بۆیە لیژنەکە تەنها لەلایەن ئەمریکاوە بەرێوەچوو کەدواتریش بەلیژنەی(کنج–کراین) ناسرا .

لیژنەی(کنج–کراین) لە(١٠ی حوزەیرانی١٩١٩) گەیشتە سوریا و دەستی بەکارەکانی کرد، ئەوەبوو لیژنەکە دوای تەواو بوونی کارەکانی لە(٢٨ی ئابی١٩١٩) راپۆرتێکی دایە سکرتاریەتی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەپاریس، لەهەمان کاتیشدا نوسخەیەکی بۆ سەرۆك ولْسن بەرز کردەوە .

لێژنەکە پێشنیاری داهێنانی رژێمی ئینتیدابی کرد بۆشام و عێراق، بەلأم بەو مەرجەی ئینتیداب بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بێت و لەو ماوەیەدا وڵاتانی ژێر ئینتیداب بەرەو قۆناغی سەربەخۆیی بەرن،

هەروەها پێشنیاری کرد عێراق بەیەکەیەکی سەربەخۆ دابنرێت، سوریاو فەلەستینیش بەیەکەیەکی سەربەخۆ دابنرێت، لوبنانیش لەچوارچێوەی  یەکێتی سوریادا حوکمی زاتی هەبێت، هەروەها وڵاتی شام شانشینێکی دەستووری بێت لەژێر فەرمانڕەوایی میر فەیسەڵ، هەروەها عێراقیش میرێکی عەرەبی بۆخۆی هەڵبژێرێ . سەبارەت بە فەڵەستینیش پێشنیاری کرد سنوور بۆ چاوتێبڕینەکانی زایۆنیزمی دابندرێت .

پێشنیارەکانی لیژنەی(کنج-کراین) نەچووە بواری جێبەجێ کردنەوەو هەریەکە لەبەریتانیا و فەرەنسا لەچوارچێوەی رێککەوتننامەی(سایکس -بیکۆ)دا رژێمی ئینتیدابیان بەسەر ناوچەکانی شام و عێراقدا سەپاند.

د-کۆنگرەی سان ریمۆ:

دوای ئەوەی حکومەتی فەرەنساو بەریتانیا بڕیارەکانی کۆنگرەی گشتی سوریای(٨ی ئاداری١٩٢٠)ی رەتکردەوە، بڕیاری کۆبوونەوەی ئەنجومەنی باڵای هاوپەیمانەکانیاندا، ئەوەبوو بانگێشتی میر فەیسەڵیش کرا بۆ بەشداری کردن لەکۆنگرەکە، چونکە کۆنگرەی ئاشتی پاریس چارەسەری کێشەی عەرەبی نەکردبوو. کۆنگرەی سان ریمۆ لە(١٩ی نیسانی ١٩٢٠) بەبەشداری هەریەکە لەبەریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیا و نوێنەری یابان دەستی بەکۆبوونەوەکانی لەشاری(سان ریمۆ)ی ئیتالیا کرد تاوەکو (٢٦ی نیسانی ١٩٢٠) خایاند، ئەوەی پەیوەندی بەناوچە عەرەبییەکانەوە بوو لەمادەی(٩٤)دا خرایە روو کەتیایدا بەشێوەیەکی کاتی دانرا بەسەربەخۆی عێراق و سوریا لەژێر ئینتیدابی بەریتانیاو فەرەنسا، ئەوەبوو کۆنگرە عێراق و فەلەستینی خستە ژێر ئینتیدابی بەریتانیا بەمەرجێ بەریتانیا بەڵێنی بلفۆر لەفەلەستین جێبەجێ بکات، هەروەها ئینتیدابی فەرەنساشی بەسەر هەریەکە لەسوریا و لوبناندا سەپاند تاوەکو ئەم وڵاتانە دەگەنە ئاستێك کەتوانی خۆ بەرێوەبردنیان دەبێت، واتا وڵاتانی بەریتانیا و فەرەنسا یارمەتی هەریەکە لەحکومەتەکانی عێراق و سوریا دەدەن تاوەکو پێشبکەون لەخۆبەرێوەبردندا، بەم شێوەیە کۆنگرەی سان ریمۆ سیستەمی ئینتیدابی بەسەر عێراق و سوریاو لوبنان و فەلەستین و ئوردندا سەپاند .

**بەشی دووەم**/ پەرەسەندنە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی عەرەبی دوای جەنگی یەکەمی جیهان

**١-بارودۆخی سیاسی عێراق**

**٢- باردۆخی سیاسی سوریا و لوبنان**

**٣- بارودۆخی سیاسی ئوردن و فەلەستین**

**١-بارودۆخی سیاسی عێراق :**

أ-شۆرشی ساڵی ١٩٢٠ لەعێراق

ب- دامەزراندنی حکومەتی عێراق

أ-شۆرشی١٩٢٠ عێراق :

**-هۆکارەکانی داگیرکردنی عێراق لەلایەن بەریتانیا**

**-هۆکارەکانی هەڵگیرسانی شۆرشی ١٩٢٠**

**-ئەنجامی شۆرشی ١٩٢٠**

**-هۆکارەکانی داگیرکردنی عێراق لەلایەن بەریتانیا**

**مێژووی چاوتێبڕینی بەریتانیا بۆ داگیر کردنی عێراق مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە کەبۆ چارەکی یەکەمی سەدەی حەڤدەهەم دەگەڕێتەوە لەو کاتەی کەچالاکییەکانی بەریتانیا لەکەنداوی عەرەبی دەستی پێکرد، لەو کاتەوە عێراق گرنگیەکی گەورەی لەسیاسەتی بەریتانیا داگیر گرت .**

**هۆکارەکانی چاوتێبڕین و داگیر کردنی عێراق لەلایەن بەرتانیاوە بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە :**

١–هۆكاری ئابووری : بەرژەوەندی ئابووری بەریتانیا لەعێراق بریتی بوو لەكڕینی كەرەستە سەرەتایەكان، جگە لەوەش دۆزینەوەی نەوت لەسەرەتاكانی سەدەی بیستەمدا بایەخی ئابووری عێراقی بۆ بەریتانیا زیاتر كرد .

٢– شوێنی ستراتیجی: گرنگی شوێنی ستراتیجی عێراق بۆ بەریتانیا لەوەدا خۆی دەبینیەوە كەدەكەوێتە سەركەنداوی عەرەبی كە وەكو ڕێگەیەكی گرنگی وشكانی وابوو بۆ هاتووچۆی بەریتانیا بۆ هندستان، بۆیە بەریتانیا دەیویست لەڕێگەی داگیركردنی عێراق بەرژەوەندیە سیاسی و سەربازیەكانی لەرۆژهەلاَت بپارێزێت هەر ئەمەش بوو وایكرد بەریتانیا بیر لەبەستنەوەی لایەنی كارگێڕی بەشی باشووری عێراق بەهندستانەوە بكات

**–هۆكارەكانی هەڵگیرسانی شۆرشی ١٩٢٠**

هۆكارەكانی هەڵگیرسانی شۆڕشی(١٩٢٠)ی عێراق دابەشی سەر هۆكارە ناوخۆی و دەرەكیەكان دەبێت :

أ–هۆكارە دەرەكییەكان: چەندین هۆكاری دەرەكی بووە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی(١٩٢٠)ی عێراق :

١–یەكێك لەوهۆكارانە هەوڵەكانی بەریتانیا بوو بۆ سەپاندنی دەسەلاَتی ڕاستەوخۆ بەسەر عێراقدا لەرێگەی ئینتیدابەوە، ئەمەش پێچەوانەی ئەو پەیمان و بەڵێنانە بوو كەهاوپەیمانەكان و بەریتانیا لەماوەی جەنگی یەكەمی جیهاندا بەعەرەبیاندا بوو بۆ سەربەخۆی .

٢– شۆڕشەكانی حیجاز و میسر و حكومەتی عەرەبی لەدیمەشق رۆڵێكی كاریگەریان بینی لەهەڵگیرسانی شۆرشی(١٩٢٠)ی عێراق .

٣– سەركەوتنەكانی كەمال ئەتاتورك لەئەنادۆڵ بووە هۆی بلاَوبوونەوەی بانگەشەی گەڕانەوەی دەوڵەتی عوسمانی بۆ دەركردنی بەریتانیەكان لەعێراق ئەمەش هیوای لای عێراقیەكان زیندوو كردەوە .

٤-بڵاوبوونەوەی پشتگیری شۆڕشی(١٧)ی ئۆکتۆبەری(١٩١٧)ی روسیا لەهەر شۆڕش و راپەرینێك کەدژ بەداگیرکاری هەڵگیرسێ، هەروەها روسیا بانگەشەی پشتگیری مافی سەربەخۆی عەرەب و موسڵمانەکانی دەکرد.

٥- سەرکەوتنەکانی سوپای روسیا لەئازەربێجان و ئێران بەسەر سوپای بەریتانیادا عێراقیەکانی گەیاندە ئەو باوەڕەی کەسوپای بەریتانیا لەبەرامبەر سوپای روسیادا لاوازە .

ب-هۆکارە ناوخۆییەکان :

١-خراپی بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات لەلایەن بەریتانیاوە بەتایبەتی سەپاندنی باجی زۆر بەسەر دانیشتواندا ئەمەش بووە هۆی هەڵاٸیسانی دراو و بەرز بوونەوەی نرخ .

٢-جێبەجێ کردنی یاسا بەشێوەیەکی توند لەلایەن کارمەندانی حکومەتی بەریتانیا وایکرد بەرتیل و واسیتە رۆڵی نەبێت لەبەڕێوەبردنی وڵاتدا لەکاتێکدا کارمەندانی حکومەت لەسەردەمی عوسمانیدا توووند نەبوون لەجێبەجێ کردنی یاساکان لەژێر کاریگەری بەرتیل و واسیتەدا ئەمەش وایکرد عێراقیەکان دژی ئەوشێوە حوکمەی بەریتانیەکان بن .

٣-دەرکەوتنی چەند کۆمەڵە و رێکخراوێك کەبانگەشەی سەربەخۆی عێراقیان لەچوارچێوەی یەکێتی عەرەبی دەکرد لەگەڵ سیستەمێکی پاشایەتی دەستووری بەسەرۆکایەتی یەکێك لەنەوەکانی شەریف حسین، وەکو کۆمەڵەکانی(جمعیة العهد العراقي، جمعیة حرس الاسقلال، جمعیة النهضة الاسلامیة) .

٤-راگەیاندنی ئینتیدابی بەریتانیا بەسەر عێراقدا لە(٣ی ئایاری ١٩٢٠) .

٥-بەریتانیا هەوڵیدەدا ناکۆکی لەنێوان سەرۆك هۆزەکان دروست بکات لەرێگەی هەڵبژاردنی گەورەترین سەرۆك هۆزی ناوچەیەك بەبەرپرسی ناوچەکە و یارەمتیدانی بەچەك و سامان، ئەمەش توڕەی لای سەرۆك هۆزەکانی دیکە دروست کرد .

٦-ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەرانی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی لەسەردەمی دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە کارەکانیان لەدەستدا ئەمەش وایکرد ئەم چینە هانی دانیشتوان بدەن بۆ بەرپاکردنی شۆڕش .

٧- زانایانی ئاینی مەزهەبی شیعە لەعێراقدا رۆڵێکی کاریگەریان بینی لەهەڵگیرسانی شۆڕشدا .

**هۆكاری راستەوخۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی(١٩٢٠)ی عێراق بۆ دەستگیرکردنی شێخ(شعلان ابو الجون) سەرۆکی هۆزی(الظوالم) لە(٣٠ی حوزەیرانی١٩٢٠) دەگەڕێتەوە، کاتێك شێخ شەعلان باجی زەوی رەتی کردەوە حکومەت شێخ شەعلانی بانگێشتی سەرای حکومەت لە(رومیثة) کرد و دەستگیری کرد، لەبەرامبەریشدا هۆزەکەی هێرشی کردە سەر سەرای حکومەت و شێخ شەعلانی ئازاد کرد، بەم شێوەیە شۆڕش هەڵگیرسا و ناوچەکانی فوراتی ناوەراستی گرتەوە لەگەڵ بەشێك لەناوچەکانی باشوور و کوردستان کەنزیکەی پێنج مانگی خایاند و لەم ماوەیەدا چەندین شەڕی گەورە لەنێوان شۆڕشگێڕان و بەریتانیەکاندا روویدا لەوانە شەڕی(الخضر، البواخر...).**

**بەردەوام بوونی شۆڕش لەعێراقدا بارودۆخێکی ئاڵۆزی هێنایە کایەوە کەزیانێکی زۆری مادی و مرۆی لەهەردوولادا ئەمەش وایکرد حکومەتی بەریتانیا سیاسەتێکی نوێ لە لەعێراقدا پەیڕەو بکات بۆ ئەم مەبەستەش(سیر بیرسی کوکس)ی لەشوێنی(سیر ئارنولد ولسن) ناردە عێراق بۆ جێبەجێ کردنی ئەو سیاسەتە نوێیە و دامەزراندی حکومەتێکی کاتی، ئەوەبوو کوکس لەم پێناوەدا دەستی کرد بەگفتوگۆ لەگەڵ کەسایەتیە ناودارەکانی عێراق بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کاتی، کوکس توانی(عبدالرحمن گەیلانی) نەقیبی ئەشرافەکانی بەغدا رازی بکات بۆ سەرۆکایەتی حکومەتێکی کاتی ، بەم شێوەیە کوکس توانی تاڕادەیەك بارودۆخی عێراق هێمن بکاتەوە پاش ئەوەی رێککەوتننامەی(٢٠ی تشرینی دووەمی١٩٢٠) لەگەڵ شۆڕشگێڕاندا مۆرکرد چونکە تاوەکو ئەو کاتە شەڕ و رووبەروو بوونەوە لەناوچەکانی (رمیثة، سماوة) بەردەوام بوو، لەم رێککەوتننامەیەدا بەریتانیا بەڵێنیدا حکومەتێکی سەربەخۆ لەعێراق دابمەزرێنێ .**

**-ئەنجامی شۆڕشی ١٩٢٠**

**١-زیانێکی زۆری مادی و مرۆی لەهەردوولا**

**٢- دەرکردنی رۆژنامەکانی(فورات، ئیستیقلال)**

**٣- دامەزراندنی حکومەتی کاتی عێراق**

ب-دامەزراندنی حکومەتی عیێراق :

**تێچووی شۆڕش و راپەرینەکانی گەلی عێراق بارگرانیەکی دارای زۆری خستە سەر بەریتانیا، لەبەر ئەوە بەریتانیا بیری لەرێخستن و گۆڕینی سیاسەتی خۆی بەرامبەر بەعێراق کرد، ئەوەبوو بەریتانیا**

بڕیاریدا عێراقیەکان بەشداری حوکمڕانی وڵات پێبکات لەگەڵ ئەوەشدا رەچاوی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆی بکات، لەم چوارچێوەیەدا حکومەتی بەریتانیا بۆ جێبەجێ کردنی ئەم سیاسەتە نوێیە (سیر برسی کوکس)ی رەوانەی عێراق کرد .

دوای ئەوەی کوکس لە(١١ی تشرینی یەکەمی١٩٢٠) گەیشتە عێراق، زنجیرەیەك کۆبوونەوەی لەگەڵ کەسایەتیە عێراقیەکان ئەنجامدا بەمەبەستی هێور کردنەوەی بارودۆخەکە و روونکردنەوەی پلانی حکومەتی بەریتانیا بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کاتی، بۆ ئەم مەبەستە سیر بیرسی کوکس توانی عبدالرحمن نەقیب رازی بکات سەرۆکایەتی ئەو حکومەتە کاتیە بگرێتە دەست، ئەوەبوو کابینەی حکومەتەکەی عبدالرحمن نەقیب لە(٢٥ی تشرینی یەکەمی١٩٢٠) دامەزرا کە لە(٨) وەزیر و (١٠)وەزیری بێ وزارەت پێکهات لەگەڵ هەر وەزیرێکیشدا راوێژکارێکی ئینگلیز هەبوو، کەواتا دەتوانرێت ئەم حکومەتە بەیەکەم حکومەتی عێراق دابنرێت لەمێژووی هاوچەرخدا .

دامەزراندنی ئەم حکومەتە کاتیە لەئاستی داواکاری و رەزامەندی عێراقییەکاندا نەبوو، بۆیە رەخنەگرتن لەسیاسەت و پلانی بەریتانیا لەعێراق زیاتر بوو، ئەمەش وایکرد بەریتانیا بیری عێراقییەکان بەلای مەسەلەی وەرگرتنی عەرشی عێراق رابکێشێ . لەبارەی سیستەمی حوکمڕانی عێراق دوو بیروبۆچون سەریهەڵدا، یەکەمیان لەگەڵ سیستەمی پاشایەتیدا بوون کەبەریتانیا لایەنیگری دەکرد . دووەمیان داوای سیستەمێکی کۆماری دەکرد لەپێشەوەیان(جۆن فیلبی) راوێژکاری وزارەتی ناوخۆی بەریتانیا لەگەڵ چەند کەسایەتیەکی عێراقی وەکو(توفیق خالدی، فخرالدین جمیل، عبدالمجید شاوی...) بوون.

بەریتانیا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی سیستەمی پاشایەتی بۆ عێراق بڕیاردا و ( فیصل کوری شریف حسین)ی بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە پاڵاوت، مەبەستی بەریتانیا لەپاڵاوتنی فیصل وەکو تەعویزێك بوو بۆ لەدەستدانی عەرشی سوریا و رازی کردنی بنەماڵەی هاشمی و دەستخستنی پێگەیەکی بەهێز لەرێگەی شەریف حسین کوڕی علی هەروەها شریف حسین لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا لایەنگری هاوپەیمانەکان بوو، لەلایەکی دیکەوە بەریتانیا پێی وابوو فیصل کەسایەتیەکی بێ هێزە و بۆ مانەوەی خۆی پشت بەحکومەتی بەریتانیا دەبەستێت بۆیە لەم بارەدا فیصل گوێڕایەڵی بڕیار و فەرمانەکانی بەریتانیا دەبێت .

کاربەدەستانی بەریتانیا لە لەندەن لەگەڵ فیصلدا کۆبوونەوە و پێشنیاری وەرگرتنی پۆستی پاشایەتی عێراقیان بۆ کرد بەڵام لەسەرەتادا فیصل رەتی کردەوە چونکە ئەو پۆستە لەکۆنگرەی سوریادا بۆ عبداللەی برای دانرابوو، بەڵام دوای وازهێنانی عبدالله لەپۆستی پاشایەتی عێراق دانوستان لەنێوان بەریتانیا و فیصل دەستی پێکرد و لەکۆتایدا گەیشتنە رێکەوتنێك کەفیصل ببێتە پاشای عێراق .

دوای ڕێککەوتن لەگەڵ فیصلدا بەریتانیا هەوڵی بەستنی کۆنگرەی(قاهیرە)یدا، ئەوەبوو کۆنگرە لە(١٢ی ئاداری١٩٢١) ڕەزامەندی لەسەر پاڵاوتنی فیصل بۆ مەلیکی عێراق دەربڕی، دواتر فیصل لە(٢٣ی حوزەیرانی١٩٢١) گەیشتە عێراق و حکومەت راپرسیەکی لەبارەی هەڵبژاردنی فیصل بەمەلیکی عێراق ئەنجامدا، لەراپرسیەکەدا فیصل (٩٦٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێنا و لە(٢٣ی ئابی١٩٢١) بەفەرمی بووە مەلیکی عێراق، پاشان عبدالرحمن نەقیب دەستی لەکارکێشایەوە و لە(١٠ی ئەیلولی١٩٢١) دووبارە کابینەیەکی دیکەی پێکهێنایەوە .

## ٢- باردۆخی سیاسی سوریا و لوبنان

### أ- باردۆخی سیاسی سوریا

**-حکومەتی عەرەبی لە دیمەشق(١٩١٨-١٩٢٠)**

ئەو حکومەتەی کەبەسەرۆکایەتی(میر فیصل کوڕی شەریف حسین) لەدیمەشق دامەزرا، دەرئەنجامی شۆڕشی گەورەی عەرەب بوو، چونکە میر فیصل بەیارمەتی هێزەکانی بەریتانیا لە(١ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨) چووە دیمەشق و دواتریش هێزەکانی عوسمانی لەناوچەکانی دیکەی شام دەرکرد، بەڵام دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی، وڵاتانی هاوپەیمان لەپێناو دابەشکردنی خاکی وڵاتانی ژێرکەوتووی جەنگ، کۆنگرەی ئاشتیان لە(١٨ی شوباتی١٩١٩) لەپاریس بەستا، لەم کۆنگرەیەدا هەریەکە لەبەریتانیا و فەرەنسا ویستیان لەچوارچێوەی ڕێککەوتننامەی(سایکس-بیکۆ) ڕژێمی ئینتیداب بەسەر شام و عێراقدا بسەپێنن، میر فەیسەڵیش وەکو نوێنەری عەرەب کەبەشداری کۆنگرەکەی کرد، نەیتوانی بەربەستی پرۆژەی داگیرکاری بەریتانیا و فەرەنسا بکات، بۆیە گەڕایەوە سوریاو نیازی فەرەنساو بەریتانیای بۆ سەپاندنی ڕژێمی ئینتیداب بەسەر شام و عێراقدا ڕاگەیاند، ئەمەش وایکرد ئەفسەر و سەرکردەکانی عەرەب لەدیمەشق کۆبنەوە بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی عەرەب، ئەوەبوو لە(٢ی تەمموزی١٩١٩) کۆنگرەی گشتی سوریا (المؤتمر العام السوري) لەدیمەشق بەسترا، کۆنگرەکە چەند بڕیارێکی دەرکرد لەوانە :

١-داننان بەسەربەخۆی سوریا و فەلەستین وەکو دەوڵەتێکی خاوەن سیادە بەسەرۆکایەتی میر فەیسەڵ، هەروەها داننان بەسەربەخۆی عێراق .

٢-ڕەتکردنەوەی ریککەوتننامەی(سایکس-بیکۆ) و بەڵێنی(بلفۆر) و هەر پرۆژەیەك بۆ دابەشکردنی سوریا و دامەزراندنی دەوڵەتی جولەکە لەفەلەستین .

٤-ڕەتکردنەوەی ڕاسپاردەی سیاسی(الوصاية السياسية) کە ڕژێمی ئینتیدابی لەخۆ دەگرت، بەڵکو تەنها ئەو یارمەتیانە وەردەگیرێت کەبۆماوەیەکی دیاریکراوە و لەگەڵ سەربەخۆی و یەکێتی نەتەوەیدا هاودژ ناوەستیٚ، هەروەها یارمەتی ئەمریکا بەباشدەزانریٚ ئەگەر نەشکرا یارمەتی بەریتانیا وەردەگیرێت .

٥-ڕەتکردنەوەی هەموو یارمەتیەکی فەرەنسا .

ئەم کۆنگرەیە لەکاتێکدا بەسترا کەهاوپەیمانان بڕیاری جێبەجیٚ کردنی ڕێکەوتننامەی(سایکس-بیکۆ)یاندا، ئەمەش بەواتای کۆتایی هێنان بوو بەو حکومەتەی کەلەشام دامەزرابوو، هەرچەندە میر فیصل هەوڵیدا پارێزگاری لەو حکومەتە بکات کەلەسوریا دامەزرابوو لەڕێگەی بەشداری کردنی لەکۆنگرە نێودەوڵەتیەکان(کۆنگرەی ئاشتی لەپاریس) بەڵام سەرکەوتوو نەبوو چونکە پێشتر ئەو مەسەلەیە لە ڕێکەوتننامەی (سایکس- بیکۆ)دا کۆتایی پێهات بوو، واتا مەسەلەی سەپاندنی ڕژێمی ئینتیداب بەسەر ناوچە عەرەبیکاندا لەنێوان بەریتانیا و فەرەنسا کۆتایی پێهات بوو.

لە ئابی(١٩١٩) لوید جۆرج بانگێشتی میر فەیسەڵی کرد بۆ لەندەن تاوەکو ڕازی بکات بەکشانەوەی بەریتانیا لەسوریا و لوبنان و داگیر کردنی لوبنان لەلایەن فەرەنساوە، ئەمەش نارەزای عەرەبی لێکەوتەوەو کۆنگرەی دووەمی سوریای لێکەوتەوە کەلە(٨ی ئاداری١٩٢٠) بەسترا ، کۆنگرە چەند بڕیارێکی دەر کرد لەوانە: بڕیاری ڕاگەیاندنی یەکێتی و سەربەخۆی سوریا دەرکرد، لەگەڵ ئەوەشدا سەربەخۆی ویەکێتی عێراقی ڕاگەیاند، هەروەها کۆنگرە بڕیاریدا حکومەتێکی پاشایەتی دەستووری بەسەرۆکایەتی میر فیصل لەشام دابمەزرێت کەپایتەختەکەی دیمەشق بێت، هەروەها ناوچەی(جبل لبنان) مافی خۆجێی لەچوارچێوەی یەکێتی عەرەبی سوریادا هەبێت، هەروەها میر عبداللەی کوڕی شەریف حسین ببێتە پاشای عێراق .

فەڕەنسا دژی بڕیارەکانی کۆنگرە وەستایەوەو فشاری خستە سەر بریتانیا بۆ یەکلایی کردنەوەی هەڵویٚستی خۆی لە سوریا. ئەوەبوو فەرەنسا و بەریتانیا لە (١٥ی ئەیلولی ١٩١٩) ڕێککەوتننامەیەکیان مۆر کرد. بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەیە هێزەکانی بەریتانیا سوریای بەجێهێشت و هێزەکانی فەڕەنسا شوێنی گرتەوە، بەو جۆرە ڕێگە خۆشبوو لەبەردەم فەڕەنسا بەمەبەستی سەپاندنی ڕژێمی ئینتیداب بەسەر سوریا، کە لە کۆنگرەی سان ڕیمۆی (٢٥ی نیسانی ١٩٢٠)

بڕیاری لەسەر درابوو. فەڕەنسا پێش دەستپێکردنی هێرشەکانی بۆسەر حکومەتی عەرەبی جەنراڵ(غۆرۆ) هۆشداریەکی لە(١٤ی تەمموزی١٩٢٠) دایە میر فیصل کەتیایدا هاتبوو:

١-تەسلیم کردنی هێڵی ئاسنینی(ریاق-حلب) بەهێز سەربازی فەرەنسا

٢-رەتکردنەوەی سەربازی(تجنید) و کەم کردنەوەی ژمارەی سوپای عەرەبی

٣-رەزامەندی نواندن بەبێ مەرج لەسەر ئینتیدابی فەرەنسی

٤-بەکارهێنانی ئەو دراوەی کەفەرەنسا بڕیاری لەسەر دەدات

٥-سزا دانی ئەو کەسانەی کەدژایەتی فەرەنسیەکان دەکەن

جەنراڵ غۆرۆ بەمیر فەیسەڵی راگەیاند جگە لەجێبەجێ کردنی داواکارییەکانی فەرەنسا هیچی دیکە لەمیر فیصل وەرناگیرێ، هەروەها رایگەیاند ئەگەر لەماوەی چوار رۆژدا وەڵامی فەرەنسا نەداتەوە ئەوا هێزەکانی فەرەنسا دەست والا دەبێت بۆ هەر کارێك .

حکومەتی سوریا لەبەرامبەر هۆشدارییەکەی فەرەنسا بوونە دوو بەشەوە، بەشی زۆرینەیان بەسەرکردایەتی میر فیصل لەگەڵ ئەوەدا بوون کەملکەچی داواکاری فەرەنسیەکان بن تاوەکو هێزەکانی فەرەنسا نەیاتە ناوسوریا تاوەکو هێزی بەرگری رێکدەخرێ .

بەشی دووەمیان بەسەرکردایەتی وەزیری بەرگری(یوسف العظمة) لەگەڵ بەرگری و راگەیاندنی جەنگدا بوون دژی فەرەنسا .

میر فیصل داوای لەکۆنگرەی سورریا کرد بۆ کۆبوونەوە لەکۆشکی پاشایەتی، میر فیصل پێی راگەیاندن کەئەنجومەنی جەنگ و وەزیران بڕیاریانداوە داواکارییەکانی فەرەنسا جێبەجێ بکەن، بۆیە بەخێرای یەکە کارگێڕیەکانی هەرێمەکانیان ئاگادار کردەوە بەرگری لەبەرامبەر فەرەنسیەکان نەکەن و سوپا تەسریح بکەن. ئەم بڕیارە خۆپێشاندان و پێکدادانی لەنێوان پۆلیس و خۆپێشاندەران لێکەوتەوەو نزیکەی(٣٠٠) کەس لەهەردوولا کوژرا .

میر فیصل رەزامەندی لەسەر ئاگادار کردنەوەی فەرەنسیەکان دەربڕی بەڵام جەنرال غۆرۆ بەبیانوی گوێبیست نەبوونی وەڵامەکەی میر فیصل هێرشەکانی بۆسەر دیمەشق دەستپێکرد، لەبەرامبەردا

یوسف عەزەمە بەخۆی و نزیکەی هەزار سەربازەوە لە(٢٤ی تەمموزی١٩٢٠) لە(میسلون) بەرەنگاری فەرەنسیەکان بوویەوە، لەم شەڕەدا سوپای سوریا شکا و سوپای فەرەنسا چووە دیمەشق و سوریای داگیر کرد و حکومەتی عەرەبی روخاند.

سیاسەتی فەرەنسا لەسوریا و لوبنان بریتی بوو لەجیاکردنەوەی ناوچەکان لەیەکتری، لەچوارچێوەی ئەم سیاسەتەدا لەئەیلولی١٩٢٠ (دەوڵەتی لوبنانی گەورە)ی دروستکرد کەپایتەختەکەی بیروت بوو، واتا لوبنانی لەسوریا جیاکردەوە و حکومەتێکی سەربەخۆی بۆدامەزراند، هەروەها سوریای دابەشی چوار یەکەی کاگێڕی جیاواز کرد :

١-دەوڵەتی عەلەوی، پایتەختەکەی لازیقیە بوو .

٢-دەوڵەتی جبل دروز بەسەرۆکایەتی سەلیم ئەترەش کەپایتەختەکەی سوەیدا بوو .

٣-دەوڵەتی دیمەشق، پایتەختەکەی دیمەشق بوو .

٤-دەوڵەتی حەلەب، پایتەختەکەی حەلەب بوو هەروەها ئەسکەندەرونەشی لەخۆدەگرت .

دابەشکردنی ناوچەکانی سوریا و لوبنان بووە هۆی سەرهەڵدانی نارەزایی و ئاڵۆزبوونی بارودۆخەکە، ئەمەش وایکرد جەنڕاڵ غۆرۆ لە(٢٨ی حوزەیرانی١٩٢٢) یەکێتی نێوان حکومەتەکانی حەلەب و دیمەشق و لازقیە بەسەرکردایەتی(صبحی برکات) رابگەیەنێ، بەڵام کاتێك جەنراڵ(ویغان) شوێنی جەنڕاڵ غۆرۆی گرتەوە لە(٥ی کانونی یەکەمی١٩٢٤) بڕیاری هەڵوەشانەوەی یەکێتی سوریایداو دەوڵەتی سوریای راگەیاند کەلەهەردوو حکومەتی دیمەشق و حەلەب پێکدەهات .

لەبەرامبەر سیاسەتی ئینتیدابی فەرەنسا بزووتنەوەی بەرگری نیشتیمانی لەناوخۆ و دەرەوەی وڵات چالاکی دەست پێکرد، لەناوخۆدا بزووتنەوەی بەرگری نیشتیمانی لەناوچە جیاوازەکان سەریهەڵدا، جوڵانەوەی(شیخ صالح العلی) لەناوچەی لازقیە و جوڵانەوەیەکی دیکە لەباکووری سوریا بەسەرکردایەتی(ابراهیم هنانو) لە(جبل الزاویة) سەریهەڵدا . لەدەرەوەی وڵاتیش پارت وڕێکخراوەکان بەردەوام لەچالاکی نواندندا بوون، ئەوەتا حزبەکانی (الاتحاد الدستوري، المؤتمر الفلسطيني، مجلس الادارة اللبناني، الاستقلال العربي، اتحاد السوري) لەکۆتایەکانی ئابی ساڵی(١٩٢١) کۆنگرەیەکیان لەجنیف ئەنجامدا کەژمارەیەك لەرێکخراوی وڵاتانی ئەمریکا و

ئەرجەنتین و شیلی بەشداریان تێدا کرد، ئەندامانی کۆنگرە گفتوگۆیان لەبارەی یەکخستنی هەوڵەکانیان لەپێناو رزگارکرنی سوریا و فەلەستین و لوبنان لەژێر دەسەلاّتی ولاّتانی ئەوروپا کرد .

**-شۆڕشی نیشتیمانی ١٩٢٥-١٩٢٧**

ئەو حکومەتە نوێیەی کەلەفەرەنسا هاتە سەرکار بڕیاریدا سیاسەتێکی نەرم بەرامبەر ئەو ناوچانەی کەداگیری کردووە پەیڕەو بکات، لەسەر ئەم بنەمایە لە(کانونی یەکەمی١٩٢٤) جەنراڵ(سارای) کردە مەندوبی سامی فەرەنسا لەسوریا ولوبنان. لەسەرەتادا جەنراڵ سارای هەوڵیدا ئەو بارکرژیەی کەسوریا و لوبنانی گرتۆتەوە لەرێگەی پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی نەرم هێمن بکاتەوە، لەم چوارچێوەیەشدا بڕیاری هەڵوەشانەوەی حوکمی عورفی و ئازاد کردنی بەندکراوەکانی دەرکرد و پێشوازی لەشاندێکی نیشتیمانی کرد کەچەندین داواکاریان پێشکەش کرد، لەهەمان کاتدا دانیشتوانی جەبەل لوبنان نارەزاییەکیان دەربارەی خراپی شێوازی بەڕێوەبەرنی ناوچەکە لەلایەن(کاپتن کاربیە) دایە جەنڕاڵ سارای، لەحوزەیرانی(١٩٢٥) دانیشتوانی جەبەل لوبنان دووبارە یاداشتێکیاندایەوە بەجەنراڵ سارای و داوای مافی خۆجێیەتی کارگێڕی و گۆڕینی کاپتن(کاربیە)یان کرد .

لەو سەروبەندەدا بوو ئەفسەرێکی فەرەنسی لەناوچەی جەبەل لوبنان هێرشی کرایە سەر، ئەم رووداوەش بووە بیانویەك بۆ جەنڕال سارای تاوەکو سەرکردەکانی(دروز)ی پێدەستگیر بکات، بۆ جێبەجێ کردنی ئەم پیلانە بانگێشتی سێ لەنوێنەرانی دروزەکان لەنێویاندا(سوڵتان ئەترەش) کرد بۆ گوێگرتن لەداواکارییەکانیان، ئەوەبوو جەنڕاڵ سارای توانی نوێنەری دروزەکان دەستگیر بکات و دووریان بخاتەوە بۆ تەدمور و حەسەکە بەلاّم سوڵتان ئەترەش لەفەرەنسیەکان دڵنیا نەبوو بۆیە بەوشیاری جولاّیەوە و توانی خۆی لەو پیلانە رزگار بکات و دەستگیر نەکرێت .

کاردانەوەکانی سوڵتان ئەترەش بەرامبەر ئەو پیلانەی فەرەنسیەکان بەسەرەتای دەستپێکردنی شۆڕش دادەنرێت کاتێك هێزەنیشتیمانیەکانی کۆکردەوەو هێرشی کردە سەر بنکەیەکی فەرەنسیەکان لەقەزای(صلخد)و سوتاندی، دواتریش دەستی گرت بەسەر شاری(سویداء) و لەشەڕی(مزرعة)شدا بەسەر فەرەنسیەکاندا سەرکەوت، بەم جۆرە شۆڕش ناوچەکانی دیکەشی گرتەوە و سەرکردەکانی شۆڕش لەکۆتاییەکانی تەمموزی(١٩٢٥) پەیوەندیان بەهێزە نیشتیمانیەکانی دیکەشەوە کرد بەتایبەتی(پارتی گەل– حزب الشعب) لەدیمەشق، ئەوەبوو سەرکردەکان لەکۆبوونەوەیەکدا لەدیمەشق(گەلاّڵەنامەی نیشتیمانی– میثاق الوطني) مۆرکرد و بڕیاریاندا بەشداری شۆڕش بکەن، بۆ ئەم مەبەستە شاندێکیان ئامادەکرد بۆ پەیوەندنی کردن بەشۆڕشگێڕانی جەبەل لوبنان و چەند کەسێکیشیان راسپارد بۆ رێکخستنی شۆڕش لەدیمەشق

کەدواتر بەلیژنەی سەرکردایەتی شۆڕش ناسرا، بەڵام سوڵتان ئەترەش سەرکردایەتی گشتی شۆڕشی گرتە دەست و یەکەم بەیاننامەی شۆڕش لە(٢٣ی ئابی١٩٢٥) بەناوی(سەرکردەی گشتی شۆڕشی گەورەی سوریە- القائد العام للثورة السورية الكبرى) بڵاوکردەوە و لەبەیاننامەکەدا داوای لەخەڵکی سوریا کرد بۆ چەك هەڵگرتن دژی فەرەنسیەکان کەبە(شەڕی پیرۆز- حرب مقدسة) ناویبرد بوو هەروەها داوای دەرکردنی فەرەنسیەکان و یەکێتی سوریای دەکرد لەگەڵ دامەزراندنی حکومەتێکی نیشتیمانی .

شۆڕش ناوچەکانی سوریای گرتەوە و چەند شەڕێکی قورس لەناوچەکانی دیمەشق روویدا و لە(تشرینی یەکەمی١٩٢٥) شۆڕش گەیشتە(حەمما) کاتێك(فوزی قاوقچی) کەئەفسەرێك بوو لەسوپا سوریا کەفەرەنسیەکان دایانمەزراندبوو هاتە ریزی شۆڕش . بەم شێوەیە شۆڕش نزیکەی دووساڵی خایاند لەم ماوەیەدا زیانێکی زۆر لەهەردوولا کەوت بەتایبەتی سوریەکان .

فەرەنسا بۆ هێور کردنەوەی باروخەکە هەوڵیدا شێوازی سیاسەتەکەی بگۆڕێت، بۆ ئەم مەبەستەش(هنری دی جۆڤنیل)ی لەشوێنی جەنراڵ(سارای) کردە مەندوبی سامی فەرەنسا لەسوریا، دی جۆڤنیل سیاسیەکی زیرەك بوو لەسەرەتادا ویستی کێشە و دووبەرکی لەنێوان سەرکردەکانی شۆڕش دروست بکات هەروەها هەوڵیدا دانوستان لەگەڵ سەرکردەکانی شۆڕشدا بکات لەپێناو دەستخستنی کات تاوەکو فەرەنسیەکان دووبارە خۆیان رێکبخەنەوە .

ئەوەبوو لە(٤ی ئایاری١٩٢٦) بەسەرپەرشتی دی جۆڤنیل حکومەتێك بەسەرۆکایەتی(داماد احمد نامی) پێکهات کەژمارەیەك لەکەسایەتیە نیشتیمانیەکانی وەکو(فارس خوری، لوتفی حەفار، حسین بەرازی) بەشداریان تێدا کرد، داواکاری حکومەت بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی دامەزراندن یەکێك بوو لەبەرنامەکانی تاوەکو ئەو ئەنجومەنە دەستوورێك بۆ وڵات دابنێت، جگە لەمەش ئینتیداب بۆ رێککەوتنێکی سی ساڵە بگۆڕێت لەگەڵ ئەوەشدا زامنی یەکێتی سوریا بکات و سیستەمی دادوەری یەکبخات و سوپایەکی نیشتیمانی دامەزرێنێ، هەروەها سوریا بەشداری لەکۆمەڵەی گەلان بکات و لێبووردنێکی گشتی دەربکات و سزاکان رەت بکاتەوە و هەوڵبدات بۆ پێشکەش کردنی یارمەتی بەزیان لێکەوتوانی شۆڕش .

بەرنامە وکارەکانی حکومەت پێچەوانەی بیروبۆچوونەکانی دی جۆڤنیل بوو بۆیە حکومەت دەستی لەکارکێشایەوەو وەزیرە نیشتیمانیەکان دەستگیر کران و دوورخرانەوە بۆ دەرەوەی دیمەشق، هەرچەندە شۆڕش تاوەکو بەهاری(١٩٢٧) درێژەی کێشا بەڵام تووشی لاوازی و لێکهەڵوەشانەوە هات لەئەنجامی دابەش بوونی بیروبۆچوونی سەرکردەکان و لاواز بوونی بەرێوەبردن و یارمەتیەکان و زیادبوونی فشاری فەرەنسیەکان .

-پێشهاتە سیاسیەکانی سوریا لەدەرکردنی دەستوورەوە تاوەکو ڕاگەیاندنی کۆمار

هەوڵەکانی فەرەنسا بۆ دەستگرتن بەسەر شۆڕشدا لەرێگەی گۆڕانکاری لەسیاسەتی ئینتیدابی ڕاستەوخۆدا بەردەوام بوو لەرێگەی پێدانی جۆرێك لەمۆرکی کارگێڕی مەدەنی بەحوکمڕانیەکەی، بۆ جێبەجێ کردنی ئەم سیاسەتەش(پۆنسۆ)ی وەکو مەندوبی سامی لە(١٤ی ئابی١٩٢٦) ڕەوانەی سوریا کرد، دوای نزیکەی دوو ساڵ لەپەیوەندی کردن بەنوێنەرانی هێزە نیشتیمانیەکانەوە پۆنسۆ تاڕادەیەك سەرکەوتوو بوو لەگۆڕانکاری لەشێوازی بەرێوەبردنی ناوچەکە، گرنگترین ئەو هەنگاوانەی پۆنسۆ لەم بارەیەوە گرتیەبەر: سەرۆکایەتی حکومەتی لە(شوباتی١٩٢٨) ڕادەستی(شێخ تاج الدین الحسینی)ی کرد تاوەکو هەڵبژاردن بۆ(کۆمەڵەی دامەزراندن) ئەنجام بدات تاوەکو ئەم پەرلەمانە دەستوورێك بۆ وڵات دانێت .

کاتێك هەڵبژاردن ئەنجامدرا کوتلەی نیشتیمانی سەرکەوتنی بەدەستهێنا کەدیارترین سەرکردەکانی بریتی بوون لە(هاشم الاتاسی، جمیل مردم، سعدالله الجابری، فارس الخوري)، کۆمەڵەی دامەزراندن لە(٩ی حوزەیرانی١٩٢٨) بەسەرۆکایەتی هاشم ئەتاسی کۆبووەوە و لیژنەیەکی بەسەرۆکایەتی(ابراهیم هنانو) بۆ نووسینەوەی دەستوور پێکهێنا، کارەکانی ئەم لیژنەیە نووسینەوەی ئەو دەستوورە بوو کەجەختی لەدامەزراندنی حکومەتێکی دەستووری لەچوارچێوەی سیستەمێکی کۆماری دەکردەوە کەپەرلەمان هەر خولێکی بەچوار ساڵ دستنیشان کردبوو، بەلاّم کاتێك ئەم دەستوورە لەپەرلەمان خرایە ڕوو بۆ گفتوگۆی کردن، پۆنسۆ دەستی لەپەرلەمان وەرداو جەختی لەلابردنی شەش مادەی ئەو دەستوورە کردەوە کەتایبەت بوون بەمافی دەرکردنی لێبوردن و ئازاد کردنی بەندکراوەکان و ڕاگەیاندنی شەڕ و ڕێکخستنی سوپاو نوێنەرایەتی دەرەوەی وڵات و یەکێتی سوریا .

ئەم هەڵوێستەی پۆنسۆ ناڕەزای هێزە نیشتیمانیەکانی لێکەوتەوە، بۆیە پۆنسۆ پەرلەمانی لەکارخست و لەتشرینی یەکەمی(١٩٣١) حکومەتەکەی شێخ تاجەدین حوسێنی هەڵوەشاندەوە و حکومەتێکی نوێی دامەزراند کەسەر بەفەرەنسیەکان بوو، بەلاّم دواتر هەڵبژارنێکی دیکە ئەنجامدرا کەنیشتیمانیەکان و لایەنگرانی فەرەنسیەکان وەکو یەك دەنگیان هێنا، ئەوە بوو ئەو پەرلەمانە لە(٧ی حوزەیرانی١٩٣٢) کۆبوویەوەو(محمد علی عابد)ی وەکو یەکەم سەرۆك کۆماری سەردەمی ئینتیداب هەڵبژارد، دواتر(حقي العظم) لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆك کۆمار حکومەتێکی پێکهێنا کەدوو ئەندامی نیشتیمانی بەشداریان تێدا کرد بەلاّم دواتر لەسەر کێشەی گۆڕینی ئینتیداب بەرێککەوتنێکی ماوە دیاریکراو لەگەڵ فەرەنسادا ئەندامانی نیشتیمانی لەحکومەتەکەی حەقی عەزم کشانەوە .

ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەئاسیا و ئەوروپا و ناوخۆی فەرەنسادا روویدا بووە هۆکارێك تاوەکو فەرەنسا بەسیاسەتەکانی خۆیدا بچێتەوە و ڕێککەوتنێك لەگەڵ سوریادا مۆر بکات، گۆڕانکاریەکانی ناوچەکە بریتی بوون لەگۆڕینی سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بەتایبەتی عێراق کاتێك ڕەزامەندی نواند لەسەر گۆڕینی ئینتیدابی بەریتانیا بەسەر عێراقدا بۆ سەربەخۆی و وەرگرتنی عێراق لەکۆمەڵەی گەلان لەساڵی(١٩٣٢) بەپێی ڕێککەوتنێك، گۆڕنکارییەکانی ئەوروپاش ئاڵۆزبوونی بارودۆخی ئەوروپا و نزیك بوونەوە لەهەڵگیرسانی جەنگێکی دیکە بوو، هەروەها لەناوخۆی فەرەنساشدا(حکومەتی بەرەی میللی- حكومة الجبهة الشعبية) هاتە سەرکار، هەموو ئەم ڕووداوانە ڕەنگدانەوەی لەسەر سیاسەتی فەرەنسا لەلایەك، خەباتی گەلی سوریا لەلایەکی دیکە هەبوو .

سورییەکان گۆڕینی ئینتیدابیان لەڕێگەی ڕێککەوتنێکەوە بەهەنگاوی یەکەمی سەربەخۆیی دەزانی بۆیە جەختیان لەبەستنی ئەو ڕێککەوتنە دەکردەوە کەپەیوەندی نێوان سوریا و فەرەنسا ڕێکبخات، ئەوەبوو ڕێککەوتنی بەیروتی ساڵی(١٩٣٦) لەنێوان فەرەنسییەکان و سەرۆکی کوتلەی نیشتیمانی هاشم ئەتاسی مۆرکرا، لەڕێککەوتننامەکەدا هاتبوو: هەوڵدەدرێ سوریا لەماوەی سێ ساڵدا ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و فەرەنسا یارمەتی بدات بۆ بوونە ئەندام لەکۆمەڵەی گەلان، جگە لەوەش بڕیاردرا بەرپرسیارێتی فەرمانڕەوایەتی رادەستی سورییەکان بکرێت، لەبەرامبەریشدا فەرەنسا هەردوو بنکەی سەربازی( جبل دروز، لاذقية)ی لەدەستدا بمێنێتەوە لەگەڵ هەڵبژاردنی دوو بنکەی ئاسمانی لەهەر شوێنێکی وڵاتدا، لەگەڵ ئەوەشدا جەخت لەئاڵوگۆڕی پەیوەندی و هاریکاری نێوان هەردوولادا لەبارودۆخی جەنگدا کرایەوە کەسوریا یارمەتی و ئاسانکاری پێشکەش فەرەنسا بکات لەبەرامبەر چەکدار کردن و ڕاهێنانی سوپای سوریا لەلایەن فەرەنساوە، ماوەی ڕێککەوتننامەکە بە(٢٥) ساڵ دیاری کرا و بواری نوێ کردنەوەشی بەرەزامەندی هەردوولادا پێدرا .

دوای ڕێککەوتنامەی بەیروت، لەکانونی یەکەمی(١٩٣٦) هەڵبژاردن ئەنجامدرا و پەرلەمانێك پێکهات کەهاشم ئەتاسی بەسەرۆك کۆمار و جمیل مەردومی بەسەرۆك وەزیران هەڵبژارد، بەڵام ئەم حکومەتە تووشی کۆمەڵی گیروگرفت بویەوە لەوانە هەندێك لەهێزە نیشتیمانیەکان بەڕێککەوتنەکە رازی نەبوون چونکە پێیانوابوو ئەو ڕێککەوتنە سوریای کۆت و بەند کردووە، لەلایەکی دیکەشەوە فەرەنسییەکان ڕۆڵێکی کاریگەریان گێڕا لەزەقکردنەوە و برەودان بە کێشەی ڕەگەزی و هەرێمی و مەزهەبی ناوچەکانی جەزیرە و لازقیە و جەبەل دروز بەمەبەستی کۆسپ دروستکردن لەبەردەم یەکێتی سوریا، بەڵام ئەوەی زیاتر کاریگەری لەسەر سورییەکان هەبوو وازهێنانی فەرەنسا بوو لەولایەتی(ئەسکەندەرونە) بۆ تورکیا لەساڵی(١٩٣٩) .

لەگەڵ نزیك بوونەوەی سەرهەڵدانی جەنگی دووەمی جیهانی فەرەنسا ڕێککەوتننامەی بەیروتی هەڵوەشانەوە، ئەمەش وایکرد جەمیل مەردوم و هاشم ئەتاسی دەست لەکاربکێشنەوە، لەبەرامبەردا

فەرەنسییەکان کارکردنیان بەدەستور راگرت و ئەنجومەنی نوێنەرانیان هەڵوەشاندەوە و ئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتیەکانیان دامەزراند بۆ رای کردنی کاروباری کارگێڕی ناوچەکە، هەروەها ناوچەی لازقیە و جەبەل دروزیان لەسوریا جیاکردەوەو جەزیرەشیان کردە بەڕێوەبەرایەتیەکی سەربەخۆ، بەم شێوەیە لەگەڵ دەرکەوتنی نیشانەکانی جەنگی دووەمی جیهانی ناوچەکە گەڕایەوە ژێر ئینتیدابی راستەوخۆی فەرەنسا تا وەرگرتنی سەربەخۆی تەواوەتی لەساڵی(١٩٤٦) .

ب-بارودۆخی لوبنان

بەوپێیەی لوبنان پێگەیەکی ئابووری و رۆشنبیری و پێکهاتەیەکی کۆمەلآیەتی هەمەچەشنی هەیە، بووە هۆی گرنگیدانی حکومەتی فەرەنسا بەم وڵاتە، ئەوەبوو حکومەتی فەرەنسا لەچوارچێوەی سیاسەتی سەپاندنی ئینتیداب بەسەر سوریا و لوبناندا دەوڵەتی لوبنانی گەورەی راگەیاند و لەسوریای جیاکردەوە، ئەمەش بۆ لێدان بوو لەیەکێتی سوریا کەسورییەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد .

فەرەنسیەکان بۆ دوورخستنەوەی لوبنان لەبزووتنەوەی نیشتیمانی کەداوای یەکێتی سوریای دەکرد چەند رێوشوێنێکی گرتەبەر، یەکێك لەو رێوشوێنانە جیاکردنەوەی بەڕێوەبردنی کاروباری کاگێڕی لوبنان بوو لەسوریا هەروەها ئەنجومەنی نوێنەرانی لوبنان لەسەر داواکاری فەرەنسا لە(٢٣ئایاری١٩٢٦) کۆبووەوە و بڕیاری لەسەر لائیحە دەستوورێکدا کەتیایدا(دەوڵەتی لوبنانی گەورە)ی بۆ(کۆماری لوبنان)دەگۆڕی لەگەڵ پێکهێنانی پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو کەلەهەردوو ئەنجومەنی نوێنەران و پیران پێکبێت . ئەوەبوو ئەنجومەنی نوێنەران لەئەنجومەنی نوێنەرانی پیشووتر پێکهات و ئەندامانی ئەنجومەنی پیرانیش لەلایەن مەندوبی سامیەوە دەستنیشان کرا، هەردوو ئەنجومەن لە(٢٦ئایاری ١٩٢٦) کۆبوونەوەو(شارل دباس)یان بەسەرۆك کۆمار هەڵبژارد و دواتریش حکومەتێکیان بەبەشداری نوێنەری لاینە ئاینی و رەگەزە جیاوازەکان پێکهێنا .

ئەو گۆڕانکاریانەی کەفەرەنسا ئەنجامیدا دەستکەوتێکی بۆ لونانیەکان لەو قەوارە سیاسیە نوێیەدا تێدانەبوو چونکە فەرەنسا بەپێی دەقی دەستووری لوبنان زامنی پاراستنی ئینتیدابی کردبوو، جگە لەوەش مەندوبی سامی مافی رەخنەگرتنی هەبوو لەهەموو بڕیارەکانی پەرلەمان، هەر لەم چوارچێوەیەدا لەسالآنی(١٩٢٧، ١٩٢٩) چەند تەعدیلاتێکی لەدەستووردا لەپێناو زیادکردنی دەسەلآتی سەرۆك کۆمار ئەنجامدا، لەوانە: یەکخستنی هەردوو ئەنجومەنەکە لەژێر ناوی ئەنجومەنی نوێنەران کەمافی بەسەرۆك کۆماردا بەدانانی سێ یەکی ئەندامەکانی هەروەها دەسەلآتی دەستنیشانکردنی سەرۆك وەزیران و وەزیرەکان و هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەران و دەسەلآتی دارای بەخشیە سەرۆك کۆمار .

لەرووی ئابووریەوە، دەسەلآتی ئابووری لوبنان بەدەستی فەرەنسیەکان و لایەنگرەکانیانەوە بوو، لەئەنجامی تەنگژەی ئابووری سالآنی(١٩٢٩-١٩٣٢) ولآت تووشی بارودۆخێکی ئابووری خراپ هات

ئەمەش ناڕەزایی وبارگرژی لێکەوتەوە بۆیە فەرەنسا لەساڵی(١٩٣٢) دەستووری ڕاگرت و ئەنجومەنی نوێنەرانی هەڵوەشاندەوەو حکومەتێکی کاربەڕێخەری پێکهێناو سەرۆك کۆمارێکی نوێی دانا .

یەکێك لەسیاسەتەکانی فەرەنسا لەلوبنان بریتی بوو لەبرەودان بەجیاوازی نێوان ئاین و ئاینزا و تائیفەکان لەرێگەی دابەشکردنی پۆستەکان بەسەر ئاین و تائیفەکاندا، لەسەر ئەم بنەمایە مارۆنیەکان سەرۆك کۆماریان وەرگرت و موسڵمانە سونەکانیش سەرۆك وەزیران . جگە لەوەش پارتە سیاسیەکانیش دابەشی چەند بەریەك بوون، کوتلەی(الاتحادیین- یەکێتیەکان) بەسەرۆکایەتی(امیل أدة) داوای سەربەخۆی تەواویان دەکرد، هەرچی کوتلەی(دەستوورییەکان) بوو بەسەرۆکایەتی(بشار الخوري) تەنها داوای سەربەخۆییان دەکرد، لێرەدا دەردەکەوێت پارتە سیاسەکانیش بیروڕای جیاوازیان هەبوو، ئەوەتا(کۆمەڵەی کاری نەتەوەیی) کەلەساڵی(١٩٣٣) دامەزرا بانگەشەی بۆ بیری نەتەوەیی عەرەب دەکرد، پارتی(نەتەوەیی سوری) بەئاراستەی نەتەوایەتی هەرێمایەتی کاری دەکرد، جگە لەم پارتانە چەند پارتی دیکەی تائیفی و مەزهەبی دیکەش بەئاراستەی جیاواز کاریان دەکرد .

ئەو ڕێککەوتننامەی کەلەساڵی(١٩٣٦) لەنێوان فەرەنساو سوریا مۆرکرا وایکرد لوبنانیەکانیش داوای مۆرکردنی ڕێککەوتننامەیەکی هاوشێوەی ئەو ڕێککەوتننامەیە بکەن، ئەوەبوو لەهەمان ساڵدا ڕێکەوتننامەیەك لەنێوان هەردولادا مۆرکرا بەڵام فەرەنسا بەهۆی دەرکەوتنی نیشانەکانەی هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانەوە کاری بەورێککەوتننامەیە راگرت، بەم شێوەیە بارودۆخی لوبنان مایەوە تا بەدەستهێنانی سەربەخۆی تەواوەتی لەساڵی(١٩٤٦)

### ٣- بارودۆخی سیاسی ئوردن و فەلەستین

#### أ-باردۆخی سیاسی ئوردن

#### -میرنشینی رۆژهەڵاتی ئوردن

ئەو ناوچەی کەمیرنشینی رۆژهەڵاتی ئوردنی لێدامەزرا بەپێی ڕێککەوتننامەی(سایکس- بیکۆ) بەشێك بوو لەناوچەکانی ئینتیدابی بەریتانیا، لەلایەکی دیکەشەوە ئەم ناوچەیە بەپێی گفتوگۆکانی نێوان(حسین- مەکماهۆن) بەشێك بوو لەو شانشینە عەرەبیەی کەبەریتانیا بەڵێنی بەحوسێنی کوڕی عەلی دابوو کەدوای جەنگی یەکەمی جیهان دایمەزرێنێ، ئەمەش ئەوە دەردەخات کەبەریتانیا بەدوو ئاڕاستە کاری دەکرد، لەرووی ناوخۆوە توانی هەست و سۆزی عەرەب بەلای خۆیدا ڕاکێشێ لەرێگەی بەڵێنی دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبی هەروەها توانی عەرەب لەوڵاتانی بەرەی ناوەند دووربخاتەوە و دژی دەوڵەتی عوسمانی بکاریان بهێنێ، لەهەمان کاتیشدا بەرژەوەندیەکانی خۆی

لەناوچەکە بپارێزێت، لەرووی دەرەوەش لەرێگەی رێککەوتننامەی(سایکس-بیکۆ) توانی دەستی فەرەنسا لەناوچە نەوتی وستراتیجیەکان دووربخاتەوە .

لەجەنگی یەکەمی جیهاندا ناوچەکانی شام بەرەی شەڕ بوو، ئەوەبوو هێزەکانی عەرەب و بەریتانیا توانیان لەساڵی(١٩١٨)هێزەکانی عوسمانی لەشام دەربکەن و دەوڵەتی عەرەبی بەسەرۆکایەتی(فیصل بن حسين) لەدیمەشق دابمەزرێنن، رۆژهەلاٌتی ئوردنیش بەشێك بوو لەودەوڵەتە عەربیە، بەلاٌم بەپێی رێککەوتننامەی(سان ريمۆ) کە ئینتیدابی فەرەنسای سەپاند بەسەر سوریا و لوبنان و ئینتیدابی بەریتانیای سەپاند بەسەر عێراق و فەلەستین و رۆژهەلاٌتی ئوردندا، بەپێی رێککەوتننامەکە بەریتانیا لەسوریا کشایەوە و فەرنسا توانی حکومەتی عەرەبی لەدیمەشق لەشەڕی مەیسەلوندا بڕوخێنی وکۆتایی پێبهێنیٚ، بەم شێوەیە رۆژهەلاٌتی ئوردن کەوتە ژێر ئینتیدابی بەریتانیا کەدواتر میرشینێك بەسەرۆکایەتی(عبدالله بن حسين) دامەزرا بەناوی میرنشینی رۆژهەلاٌتی ئوردن .

دوای روخانی حکومەتی عەرەبی سوریا، میر عبداللەی کوڕی حسین بڕیاریدا سوریا بەهێزی سەربازی لەفەرەنسیەکان وەربگرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە لەساڵی(١٩٢٠)بەهەزار چەکدارەوە لەحیجازەوە گەیشتە ئوردن و بانگەوازی شەڕی راگەیاند، ئەم کارەی میر عبدالله ئینگلیزەکانی نیگەران کرد چونکە فەرەنسیەکان داوایان لەئینگلیزکان کرد کەسنوورێك بۆ میر عبدالله دابنێن، ئینگلیزەکانیش بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە بانگێشتی (میر فەیسەڵ)یان بۆ لەندن کرد، ئەوەبوو میر فیصل چاوی بەهەریەکە لە(کرزن و ونستۆن چەرچڵ و لۆرەنس) کەوت کەبەڵێنیان پێدا عێراق و رۆژهەلاٌتی ئوردن مافی خۆبەرێوەبردنیان پێبدەن و پاڵپشتی ئەویش بکەن بۆ پادشای عێراق، هەروەها ئامادەییان دەربڕی لەگەڵ میر عبدالله گفتوگۆ بکەن دەربارەی چارەنووسی رۆژهەلاٌتی ئوردن بەمەرجیٚ پەیوەندی بەشەریف حسینی باوکی و عبداللەی برای بکات و هانیان بدات بۆ ئەنجام نەدانی هیچ جموجۆڵ و چالاکییەکی سەربازی لەناوچەکە، دواتر دانوستانی نێوان(چەرچل ـ میر عبدالله) لە(١٩٢١) دەستی پێکرد، ئەنجامەکەی مۆرکردنی رێککەوتننامەیەك بوو کەچەند خاڵێکی لەخۆ دەگرت :

١-دامەزراندنی حکومەتێکی عەرەبی نیشتیمانی لەرۆژهەلاٌتی ئوردن کەمیر عبدلله سەرۆکی بێت

٢- ئەم حکومەتە سەربەخۆیە، سەربەخۆی کارگێری تەواوی هەبێت بەلاٌم مەندوبی سامی بەریتانیا لەعەمان رابەرایەتی بکات .

٣-بەریتانیا یارمەتی دارای بۆ بەرقەراربوونی ئاسایش پێشکەش دەکات

٤- بەریتانیا پارێزگاری لەهەردوو بنکەی ئاسمانی بەریتانیا لەعەمان و کەرك دەکات

٥-بڕیار درا ڕێککەوتننامەکە بۆ ماوەی شەش مانگ کاری پیٚ بکرێت تاوەکو هەردوولا دەگەنە ڕێککەوتنێکی هەمیشەی .

بەم شێوەیە یەکەم حکومەتی ناوەندی ئوردنی لەژێر ئینتیدابی بەریتانیا لە(١١ی نیسانی١٩٢١) ڕاگەیەنرا کەبەریتانیا نوێنەرێك و حەوت راوێژکاری سیاسی راسپارد بۆ یارمەتی دانی میر عبدالله بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کاروباری میرنشینەکە .

لەروو ئابووریەوە میرنشینەکە خاوەن داهات و تایبەتمەندی ئابووری ئەوتۆ نەبوو کە بە هۆیەوە بتوانێت خۆی بەڕێوەببات و بەرەوپێش بچێت، چونکە ولاٌتێکی هەژار و دواکەوتوو بوو، زۆربەی دانیشتوانەکەی جووتیار و کۆچەر بوون، بەلاٌم پاڵپشتییەکانی بنەماڵەی هاشمیو هاوکارییە ماددی و مەعنەوییەکانی بریتانیا سەرچاوەی هێز و دارای میرشینەکە بوون .

لەرووی دەرەکییەوە (کۆمەڵی نەتەوەکان) لەساڵی (١٩٢٢) بەفەرمی دانی بەمیرنشینەکە دانا، هەروەها بەریتانیاش لەساڵی (١٩٢٨) بەفەرمی دانی پێدانا، بەلاٌم لەسالاٌنی (١٩٢٨-١٩٤٦) جموجۆڵێکی نەتەوایەتی و نیشتمانی لەمیرنشینی ئوردن دژی هەڵوێستەکانی بریتانیا سەریهەڵدا، چونکە ئەو ولاٌتە وەك پاشکۆی بریتانیای لێهات بوو لە ئەنجامی پەیماننامەی ساڵی (١٩٢٨)ی نێوان (بریتانیا- ئوردن). لە ئاکامدا لە(٢٥ی مایسی ١٩٤٦) پەیماننامەیەکی دیکە بەناوی (پەیماننامەی دۆستایەتی و هاوپشتیوانی ئوردنی- بەریتانی ) هاتە کایەوە، بە گوێرەی ئەو پەیماننامەیە ولاٌتی ئوردن وەك دەوڵەتێکی فەرمی و سەربەخۆ دانی پێدانرا و ڕژێمی حوکمیش لەو ولاٌتە بووە (شانشینی دەستووری) .

**ب-باردۆخی سیاسی فەلەستین**

**- کارکرن بۆ دامەزاندنی دەوڵەتی جوولەکە**

**- دامەزاندنی دوڵەتی جوولەکە**

**- شۆڕش و راپەرینەکانی عەرەب**

**- کارکرن بۆ دامەزاندنی دەوڵەتی جوولەکە**

**لەسەرئاستی ناوخۆی جوولەکە.**

یەکەم: لەسەرئاستی ناوخۆ، یەکەم کاری جوو بریتی بوو لەزەمینەسازی ناخۆی کەخۆی لەبانگەشەی بیرمەندان و دامەزراندنی کۆمەڵەو رێکخراوەکان لەپێناو ئامادەکردنی جوولەکە بۆ کۆچ کردن بۆ فەلەستین دەبینیەوە، دەکرێت ئەمەش بە سەرتای زەمینەسازییەکان دابنرێت بۆ کۆچ کردنی جوو بۆ فەلەستین، سەرەتای بلاۆکردنەوەی ئەم بیرۆکەیە بۆ شەستەکانی سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە کاتێك کۆمەڵێك لەبیرمەندانی جوولەکە بانگەشەی گەڕانەوەیان بۆ فەلەستین دەکرد، لەپێشەوەی هەموویان حاخام(هیرش کالیشر) بوو کە لەساڵی(١٨٦١) کتێبێکی بەناوی(گەڕان بەدوای سەهیۆن)دا بلاۆکردەوە، لەئەنجامی هەوڵەکانی (کالیشر)دا یەکەم کۆمەڵەی سەهیۆنی لەئەڵمانیا دامەزرا. لەساڵی دواتر(موسس هس) کتێبێکی بەناوی( رۆما و قودس) بلاۆکردەوە کەتیایدا بانگەشەی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی جوولەکە لەفەلەستین دەکرد، هەروەها (لیون بینسکر) لەساڵی(١٨٨٢) کتێبێکی بەناونیشانی(خۆ ئازاد کردن) بلاۆکردەوە کەداوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەی بۆ جوولەکە لەفەلستین یان ئەمریکا دەکرد، هروەها تیۆدۆر هرتزل بیروڕاکانی خۆی بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی جوولەکە لەکتێبەکەیدا بەناونیشانی(دەوڵەتی یەهودی- الدولة الیهودیة) خستەروو کە لەساڵی(١٨٩٦) بلاۆیکردەوە، هرتزل پێیوابوو کێشەی جوولەکە، کێشەیەکی کۆمەلاّیەتی و ئاینی نیە بەڵکو کێشەیەکی نەتەوەییە، بۆیە پێویستە بکرێتە مەسەلەیەکی سیاسی جیهانی و دەوڵەتێکی نەتەوەیی بۆ جوولەکە دامەزرێت .

لەگەڵ بلاّوبوونەوەی بیرۆکەی دامەزراندنی نیشتیمانێکی نەتەوەیی جوو لە فەلەستین چەندین کۆمەڵەو رێکخراو بۆ ئەم ئامانجە دامەزران، ئەوەتا (دامەزراوەی عیبری لەندەنی بۆ ئاوەدان کردنەوەی زەوی پیرۆز) و (هاوپەیمانی ئیسرائیلی جیهانی )لەساڵی(١٨٦١) دامەزران، دواتر کۆمەڵەکانی(خۆشەویستی سەهیۆن) دامەزران، تێبینی دەکرێت ئەم بیرۆکەیە تاوەکو ساڵی(١٨٨١) رەنگدانەوەی لای جووەکان نەبوو، بەلاّم کاتێك قەیسەری روسیا(ئەلکسەندەری دووەم) لەم ساڵەدا تیرۆر کرا، بووە هۆی ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆری جوو لەروسیا چونکە جولەکەکانی روسیا رووبەرووی کوشتارێکی زۆر بوونەوە، ئەمەش وایکرد ئەو جولاّنەوەی کە بە(جولاّنەوەی تێکەلاّو بوونی جوولەکە- الحرکة الاندماجیة الیهودیة) ناسرابوو کەهەوڵیدەدا جوولەکە لەگەڵ کۆمەڵگای ئەوروپی یەکبخات شکست پێبێنێ و لەشوێنی ئەودا کۆمەڵە ناوخۆییەکان لەناوچە جوولەکەنشینەکاندا بەناوی( خۆشەویستی سەهیۆن- حب صهیون) دامەزرا .

کوشتاری روسەکان لەلایەك و چالاکی کۆمەڵە ناوخۆییەکانی(خۆشەویستی سەهیۆن) لەلایەکی دیکەوە، بووە هۆی دەستپێکردنی کۆچی جوولەکە بۆ فەلەستین، لەیەکەم هەنگاودا بەشێك لەگەنجانی جوو هەستان بەگواستنەوەی ژمارەیەك جوولەکە بۆ فەلەستین، ئەوەبوو ئەم جوولەکانە توانیان چەند گوندێکی لاچەپی عەرەب بگۆڕن بەنشینەگەی جوولەکە، دواتر ئەم نشینگانە بوونە بنکەی سەرەکی بۆ داگیرکاری کشتوکاڵی سەهیۆنی لەقۆناغەکانی داهاتوودا .

کۆنگرەی یەکەمی سەهیۆنی کە لە(بازل)ی سویسرا لە(٢٧ی ئابی ١٨٩٧) بەسەرپەرشتی(تیۆدۆر هرتزل) بەسترا، کۆنگرەیەکی گرنگ بوو چونکە نزیکەی(٢٠٤) نوێنەری کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی جوو لەجیهان بەشداری کۆنگرەکەیان کرد و ئامانجی جولآنەوەی سەهیونیان دەسنیشان کرد کەبریتی بوو لەدامەزراندنی نیشتیمانێك بۆ گەلی جوو لەفەلەستین، هەروەها بەرێوەبەرایەتیەکی ڕێکخراو بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ئامانجە دامەزرا .